# لە چاوتروکانێکدا



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

پیتەر ئاسموسن

# لە چاوترووکانێکدا

## چوار هەوڵ بۆ ژیان و هەوڵێکیش بۆ مردن

وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە:

بەهرۆز حەسەن



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی بیانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: لە چاوترووکانێکدا– چوار هەوڵ بۆ ژیان و هەوڵێکیش بۆ مردن
وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە: بەهرۆز حەسەن
پێشەکی: دانا ڕەئووف
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٣٣
هەڵەگری: بۆکان نووری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٤١٥ی
ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

## پێشەکی

ژیان "لە چاوترووکانێکدا" لە لای پیتەر ئاسموسن

دانا ڕەئووف

باکووری ئەوروپا ئەزموونێکی دەوڵەمەندیان لە بواری شانۆدا هەیە و شانۆنامەنووسەکانی سوێد و نەرویژ لە سەدەی نۆزدەمدا، ئاستی شانۆی هاوچەرخی ئەوروپییان گەیاندووەتە ترۆپک. ستریندبیری و ئیپسن بەشانۆنامە ناتورالیزم، ڕیالیزم، ڕیالیزمی سیمبولیزم و گوزارشت ئامێزەکانیان، دەروازەیەکی گرینگ و بەرینیان بەڕووی هونەری شانۆدا کردووەتەوە و کاریگەرییەکانیان تا ئێستا بەردەوامە. نووسەرە شانۆییە نوێیەکانی ئەم وڵاتانە بەردەوامییەکی ئەو ئەزموونە و ئەو ڕەوتە باڵایەی شانۆی ئەوروپین. لاش نۆرێن لە سوێد و یۆن فۆسە لە نەرویژ دەنگێکی گرینگی شانۆیەکی مۆدێرنن لە هەموو ئەوروپادا، شانۆنامەکانیان جگە لە وڵاتانی ئەسکەندەنافی، لەسەر زۆربەی شانۆکانی جیهان نمایش دەکرێن و بینەرێکی بێ سنووری ئەوروپییان لە خۆیان کۆ کردووەتەوە.

لەم دە ساڵەی ڕابوردووشدا پیتەر ئاسموسن، کە خەڵکی وڵاتی دانیمارکە، بووەتە جیهانێکی تازە دۆزراوەی شانۆ و شانۆنامەکانی بەمۆرک و شێوازێکی تایبەتمەندەوە، هێدی هێدی شانۆکانی جیهان داگیردەکات و وەک ئۆقیانوسێکی چڕ، بێ مەودا و فراوان بڵاو دەبێتەوە. بایەخی ئەم شانۆنامەنووسە دانیمارکییە لەوەدایە کە



هەمیشە فۆڕمێکی نوێ، جیاواز و هەمەچەشن و فرەلایەن دەبەخشێتە شانۆنامەکانی. جیهانێکی خەونەئامێز، ئەتمۆسفیرێکی بێ بەزەیی، دیدێکی سووریالیزم و تەکنیکێکی بێ وێنە ئاوێزانی زمانە شانۆییەکەی دەبێ و شێوازێکی تایبەتمەند بەخۆی دەخوڵقێنێ.

پیتەر ئاسموسن لە شانۆنامەکانیدا کارەکتەری سایکۆلۆجی و بنەماڕیالیزمی و تەقلیدییەکان لە کەش و دیدێکی هێماگەرییدا بەرجەستە دەکات و لە بنیات و ستروکتورە کۆمەڵایەتییەکان دوور دەکەوێتەوە.

شانۆنامەکانی پیتەر ئاسموسن جگە لە دانیمارک، لەسەر زۆربەی شانۆکانی سوێد، فەڕەنسا، نەرویژ، ئینگلستان، ئیتالیا و ئەڵمانیا نمایش دەکرێن.

## پیتەر ئاسموسن

پیتەر ئاسموسن لە ساڵی ١٩٥٧دا لە دانیمارک لە دایک بووە، ڕۆمان، شیعر، لیریک، سیناریۆ و شانۆنامە دەنووسێ، شانۆنامەکانی بۆ ئیزگە، تەلەفیزیۆن، سینەما و هەروەها لەسەر شانۆ گەورەکانی دانیمارک پێشکێش دەکرێ.

ئەم نووسەرە لە ساڵی ١٩٨٩دا بەبڵاوکردنەوەی نۆڤێلتی "دەنگ" دێتە ناو دنیای ئەدەبەوە و هەر ساڵێک دواتر یەکەم هەوڵە شانۆییەکانی دەردەکەوێ و لەسەر داوای بەشی درامای ڕادیۆ و ئیزگەی دانیمارکی، شانۆنامەی "هاوار" دەنووسێ. دوای ئەو هەوڵە لە شانۆ دوور دەکەوێتەوە، بەڵام پاش دوو ساڵ بە شانۆنامەی "خوێنی گەنج" دەگەڕێتەوە بۆ شانۆ و کۆمەڵێک شانۆنامەی گرینگ، هەر بۆ

نموونە "isbrandt"، "ژورێکی پڕ لە خۆر"، "تاوان" و ئۆپێرای 'لە ژێر ئاسماندا" دەنووسێت و لە ساڵی ٢٠٠٢شەوە وەک ڕێژیسۆر لە بەشی درامای ڕادیۆی دانیمارک دەستبەکار دەبێ. شانۆنامەکانی بیرۆکە، بیر و بۆچوون و فۆڕمی جیاواز لەخۆ دەگرن و دوور دەکەونەوە لە خۆ دووبارەکردنەوە و هەمیشە لەگەڵ هەر شانۆنامەیەکی تازەدا، فۆڕمێکی نوێ و زمانێکی جیاوازی دەستەبەر کردووە و هەندێک جار گەڕاوەتەوە بۆ سەر نووسەرە کلاسیکییەکان و چارەسەر و فۆڕمێکی مۆدێرنی بە بەرهەمەکانیان بەخشیووە.

هەندێ جار شیعرە کورتەکانی، کە وەک بریسکە ئاسا لە دوو توێی ڕەوشە هەمەچەشنەکاندا ئاڕاستەیان دەکات، یان کارەکتەری شانۆنامەکانی و پاڵەوانی ڕۆمانەکانی بەشێوەیەکی ساکار و ئاسایی دەردەکەون، هەروەک ئەوەی ئەو کەسانە تەنیا لەوێدا و بۆ خۆیان بژین، هەروەک دەلاقەیەک، بروسکەیەک لە تاریکییدا یان پریشکێک لە ژیاندا دەردەکەون. لەوانەیە لەدەستدانی خۆشەویستی، لەدەستدانی ژیان ئەو بابەتە سەرەکییانە بن کە پیتەر ئاسموسن هەمیشە دەگەڕێتەوە سەریان، هەندێ جار ڕووکاری دەرەوەی ژیان، شتە ڕواڵەتییەکان، دەروازەیەکی بەرین بەڕووی ئاستە قووڵەکان، پانتاییە تاریکەکانی پێوەندییەکان، بەربەستەکان و ڕووکارەکانی ناوەوەی ژیان دەکاتەوە.

هەموو شانۆنامەکانی، هەروەک ڕۆمان و پرۆسەکانی بنەما سەرەکییەکانی ژیان دەخاتە ڕوو، دەروازە بەرین و ئاڵۆزەکانی ژیان یەکەیەکی گرینگی ئەو بنیاتە هونەرییەیە، بۆ نموونە مەرگ و ژیان، خۆشەویستی و ترس، ڕووناکی و تاریکی لە فۆڕمی لەیەک جیاواز و



زمانێکی تایبەتمەندا دەردەکەون.

بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە، دنیادیدە و بۆچوونەکانی لە پانتاییەکی ساکار و ڕووکەشدا گیریان نەخواردووە، بگرە کارەکتەر و کەسایەتییەکانی، بارە دەروونی و هەڵوێستەکانیان لە بازنەیەکی فراواندا دەسوڕێنەوە، کاتێکیش کە دەگەنە خاڵی کۆتایی، خولی بازنەکەش ڕەوش و چارەنووسی ژیانی کارەکتەرەکان تەواو دەکات. ئەم نووسەرە زۆر بەوردی، چڕ و سەراپاگیر لە مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، لێیان ڕادەمێنێ و دەیانکاتە بەشێکی گرینگی بەرهەمەکانی، ئەو هەر لەم ڕووەوە دەڵێ: "بەلای منەوە جێگەی سەرنجە کە هەندێ مرۆڤ بەو شێوەیە دەدوێن، یان بڕوایان وایە و بەشێوەیەکی تر نییە، بۆچی هەندێ کەس نەژادپەرستن و هەندێکی تر وا نین؟ بۆچی هەندێ کەس فاشیستن و کەسانێکی تر هەرگیز تێر لە شەڕ ناخۆن؟ من لەو بڕوایەدام کە خوا هەرگیز ئەو کەسانەی وا دروست نەکردووە و ئەم هەڵوێستانەش تەنیا جۆرە گوزارشتێکە بۆ ئەم و ئەو".

هەندێ لە ڕەخنەگرەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پیتەر ئاسموسن شەکسپیرێکی نوێیە و هاتووە تا هاملێت، شا لیر، ئۆتیلۆ و ماکبێسی ئەم سەردەمەمان بۆ بنووسێ.

پیتەر ئاسموسن هەروا بە سانایی خۆی نادا بەدەستەوە و لە تەقەلایەکی بەردەوامی خۆشاردنەوەدایە، لە هەمانکاتدا لە هەموو نووسەرێکی تر زیاتر، لە ڕۆمانەکانیدا، لە شانۆنامەکانیدا و لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بینەر و خوێنەرەکانیدا کراوەیە. ئەو خۆی دەبێتە کەسێکی تر، تا ئەوانی تر پیشان بدا، بەرجەستەیان بکات، بەڵام زۆر زەحمەتە بزانین خۆی کێیە و چییە، چونکە هەموو شتێک

بەکراوەیی ناخاتە بەردەست.

هونەر بەلای ئەم نووسەرەوە گەمەکردنە و دەیەوێ گەمە لەگەڵ خوێنەر و بینەرەکانیدا بکات، کاریان تێ بکات، بەڵام بەلای ئەوەوە گرفتەکە لەوەدایە ئەگەر شتەکان بەڕوون و ئاشکرا بخرێنە بەردەست، ئەوا کاریگەرییان نامێنێ و لەو کاتەشدا یاسای گەمەکەش دەدۆڕێنێ.

ئەم نووسەرە لە چاوپێکەوتنەکانیدا وەڵامەکان دووبارە دەکاتەوە و لەبری ئەوە لە نووسینەکانیدا زۆر بەهێمنی و لەسەرخۆ، پەردە لەسەر ڕووی ڕاستییەک هەڵدەماڵێ کە ئێمە لێی دەترسین و دوای ئەوەڕاستییەکی ترمان بۆ ئاشکرا دەکات کە ئێمە هەرگیز چاوەڕوانمان نەکردووە. پیتەر ئاسموسن باشترین وشەکانی، دەیمەنەکانی توند لە قووڵی دەستیدا دەگرێ و تا ئەو ئاستە نایانکاتەوە کە چی دی خوێنەر و بینەرەکانی توانای چاوەڕوانییان نامێنێ. پیتەر ئاسموسن بەرلەوەی بێتە بواری نووسینەوە لە بوارەکانی فەلسەفە و ئایینناسیدا کاری کردووە، هەروەها وەک هونەرمەندێکی مۆسیقیش چالاک بووە، ئێستا لێکۆڵینەوە فەلسەفی و تیۆلۆجییەکانی و توانا مۆسیقییەکەی لە نووسینەکانیداڕەنگیان داوەتەوە و کاریگەریی خۆیان هەیە. پیتەر ئاسموسن چەندە شانۆنامەکانی جێگەی سەرنجن و لەسەر زۆربەی شانۆکانی ئەوروپا نمایش دەکرێن، هێندەش سیناریۆی فیلمەکانی پێگەیەکی باڵادەستیان هەیە و ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕیژیسۆرە گەورەکانی وەک "لاش فۆن ترەییەر" و "سیمۆن ستاو" کاری کردووە. زۆربەی فیلمەکانی خەڵاتی ئەسکەندەنافی و ئەوروپی و جیهانییان بەدەست هێناوە، گرینگترین فیلمەکانیشی بریتین لە: "ساڵە بەدەکان – ١٩٩٥"،



"لە نێوان برادەردا – ١٩٩٥"، "شکاندنی شەپۆلەکان – ١٩٩٦"، "دەستەی توندڕەوی ئاینی – ١٩٩٧"، "هیندستان – ١٩٩٩"، "ئێستا – ٢٠٠٣"، "کەلێن – ٢٠٠٣"، "ڕۆژ و شەو – ٢٠٠٤"، "دڵی ئاسمان – ٢٠٠٨"، "گەڕانەوە – ٢٠٠٨". بۆ نموونە ئەم نووسەرە لە فیلمی ڕۆژ و شەودا باسی ئەو خەڵکانە دەکات کە خۆشەویستی دەکەن و دەیانەوێت خەڵکیش خۆشیان بوێن. ئەم مەسەلەیەش لە بەسەرهاتی باوکێکەوە دەگێڕێتەوە، باوکەکە، کوڕە گەنجەکەی، ژنە داوێن پیسەکەی، دۆستە نهێنییەکەی، دۆستە گەنجەکەی باوکەکە، خوشکە تەنیاکەی، دایکە ناتەواو و خەوشدارەکەی، ڕاهێنەرێکی بلیمەتی تۆپی پێ، سۆزانییەکی دووگیان و فریشتەیەک کە لە بەرگی پیاوێکی پیردا دەردەکەوێ. ئەم کارەکتەرانە هەموویان بەدوای وەڵامی هەمان پرسیاردا دەگەڕێن: ئەگەر وەڵامەکە خۆشەویستی بێ، پرسیارەکە چییە؟

ئەم نووسەرە ئێجگار فرە بەرهەمە، زیاتر لە بیست شانۆنامەی نووسیوە و جاری وا هەیە لەیەک کاتدا سێ لە شانۆنامەکانی، دوو لە فیلمەکانی و ئۆپێرایەکی لەسەر شانۆ و هۆڵی سینەماکانی دانیمارک نمایش دەکرێن. هەر ئەمەش وای کردووە ببێتە جێگەی سەرنجی ڕەخنەگران و دەزگا گەورەکانی میدیا و ئەکادیمییەکانی ئەم وڵاتە، تا ئێستاش چەندین خەڵاتی وەرگرتووە، هەر بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٠دا خەڵاتی "کیالد ئابل"ی ئەکادیمی دانیمارکیی و خەڵاتی باڵای "درامای دانیمارکی" پێ بەخشراوە.

## دەروازەیەک بۆ شانۆکەی پیتەر ئاسموسن

پیتەر ئاسموسن شانۆنامەنووسێکی تایبەتمەندە و تایبەتمەندی خۆی پاراستووە، شانۆنامەنووسێکە کە لە هیچ شانۆنامەنووسێکی تر ناچێ، هەرچەندە لە ژێر کاریگەری شانۆنامەنووسی ئینگلیزی 'هارۆڵد پینتەر"دا نووسیویەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێوازێکی پڕ لە ڕاز و نهێنی و زمانێکی ڕاستەوخۆ و ئەفسوناوی تایبەتمەندی داهێناوە.

هەڵوێستە دراماتیکییەکانی حاڵەتێکی گرژ و بزۆز و خەیاڵێکی فراوان لەخۆ دەگرێ و وا لە بینەرەکانی دەکات کە هەست بەهەڕەشە، نا ئارامی و ڕووبەڕووبوونەوە بکەن، بەبێ ئەوەی بزانن بۆچی؟ پیتەر ئاسموسن گەردوونی شانۆنامەنووسێکی گەورە هەڵدەوەشێنێ و سەرلەنوێ شتێکی نوێ، جیاواز و پەنهان دەخوڵقێنێ.

ئەم نووسەرە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و لەسەر ئاستێکی قووڵی هەمەلایەن پێویستییەکانی مرۆڤ بۆ بەدوا گەڕان، پێوەندیکردن و لە هەمان کاتداڕوو لە یەکتر وەرگێڕان و دوورکەوتنەوە بەرجەستە دەکات. ئەم مەسەلەیەش مەودایەکی مرۆڤانەی سەراپاگیر لەخۆ دەگرێ و زمانێکی شیعری، لیریکی، مەجازی و تەنانەت لە زمانی ژیانی ڕۆژانەشدا سەقامگیر دەبێ.

پیتەر ئاسموسن ڕیتوالێکی مۆدێرن بۆ گرفتە خودییەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمە دروست دەکات، هەروەها بۆ ئەو مەسەلانەی کە نەگوتراون و بۆ نهێنییەکانی بوونی مرۆڤیش. لەم ڕیتوالەدا مرۆ لە دەروازەکانی دنیادیدەیەکی فراوانەوە دەخرێتە ڕوو، لە ڕەوشێکی ڕەخنەئامێزی قەیران و گرێکاندا بەرجەستە دەکات. دید و تێڕوانینەکانی ڕەوشێکی ڕەخنەئامێزی شیعرییە بۆ بارودۆخ و ڕەوش



و هەڵوێستەکانی مرۆڤ، شانۆکەشی دەنگدانەوەیەکی، ڕەنگدانەوەیەکی مۆدێرنی سەربەخۆ و ڕەسەنی ئیپسن، ستریندبیری، هارۆڵد پینتەر و سامۆێل بێکێتە. شانۆنامەکانی پیتەر ئاسموسن بنەما تەقلیدییەکانی شانۆیەکی سایکۆلۆجی و واقیعی هەڵدەوەشێنێ و جیهانێکی ناتەبا و جیاواز لە ستروکتورێکی سوریالیزم، خەونەئامێز، گوزارشت ئامێز و ناڕاستەوخۆدا دادەهێنێ. ئەم شانۆیەش تەنیا زەمینەیەکی لەبار بۆ ئەکتەرەکانی مسۆگەر ناکات، بگرە هەر لە سەرەتاوە بینەرەکانیشی بەشێوەیەکی بەهێز ئاوێزانی نمایشەکانی دەکات، هەر ئەمەش وای کردووە کە پیتەر ئاسموسن لەم بیست ساڵەی ڕابوردوودا ببێتە یەکێک لە هەرە شانۆنامەنووسە گەورەکانی دانیمارک. دەکرێت لە تێڕوانینێکی ئەزموونگەری و گوزارشت ئامێزەوە بڕوانینە شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە: لە هەندێ لە شانۆنامەکانیدا بەتەواوەتی ڕووت دەبێتەوە، لە هەندێکی تردا شێوازێکی سوریالیزم، هێماگەلی لە خۆ دەگرێ و لە هەندێکی تریشیاندا و بەشێوەیەکی سەیر لە فۆڕمە کۆنە میلۆدرامیاکانی کۆمیدیا میللییەکان نزیک دەبێتەوە.

پیتەر ئاسموسن نووسەرێکە کە بەبێ ترس گوزارشت لە بیرۆکەکانی دەکات و فۆڕم و زمانی جیاوازیان بۆ دەدۆزێتەوە. لەم چەند ساڵەی دوایشداڕووی کردووەتە شێوازێکی چڕ، جیاواز و دەمامک ئامێز، لەم شێوازەدا شوێن و کات و ستروکتورە سایکۆلۆجییەکانی هەڵوەشاندووەتەوە و لەبری ئەوە شوێن و کاتێکی تری خوڵقاندووە کە لە ساڵی ١٩٢٠ەکانەوە دەست پێ دەکات و لە ساڵی ٢٠٠٢یشدا کۆتاییان دێ. لەم پڕۆسەیەدا کات و شوێن گەورە دەبن، هەڵدەچن، گۆڕانکارییان بەسەردا دێ و کارەکتەرەکانیش بە

هەمان ئەو پرۆسەی کات و شوێنەدا تێ دەپەرن و گۆڕانکارییان بەسەردا دێ، لە هەمان کاتدا گۆڕانکاریشیان بەسەردا نایەت. خوێنەر و بینەر، کارەکتەرەکانی لە لاوە، بەبێ چارەسەرکردنێکی دیاریکراوی کێشەکان دەبینین، ئەو کارەکتەرانە دەبنە دەروازەیەک، کلیلێک بۆ دۆزینەوەی چارەسەرەکان، بۆ ئاشکراکردنی نهێنییەکان و بۆ هەڵوەشاندنی پێوەندییەکان. زۆرجار مۆتیڤەکان لە شانۆنامەکانی ئەم نووسەرەدا دووبارە دەبنەوە، تارمایی، خەون و شەیتانەکانی ناوەوەی مرۆڤ دەوروژێنێ و زیندوویان دەکاتەوە.

پیتەر ئاسموسن لە ئایدیۆلۆجیا و پەیامە ئامادەکراوەکان دوور دەکەوێتەوە و دەڵێ: "من ناتوانم پێشوەخت بنیاتی چیرۆکەکانم دابڕێژم، ئەگەر دیدێک یان بیرۆکەیەکم هەبێ و بمەوێت بیگەیەنم، ئەوا لەبری ڕۆمان یان شانۆنامە وەک باسێک دەینووسم. من هەمیشە لە کەسێکەوە دەست پێ دەکەم، کەسانێکی کۆنکرێت سەرنجی من ڕادەکێشن. من دایم بڕوام وابووە کە بیرۆکەی ئەبستراکت، مەسەلەی ڕامیاری و مۆڕالییەکان جێگەی سەرنج نین".

شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە ململانی و کێشەیەکی ئاشکرا دروست ناکەن، بگرە گرێ و ململانێکان شێوازێکی جیاواز لە خۆدەگرن و بەو شێوەیە نییە کە لە سینەما و شانۆدا دەیانبینین. ئەو جۆرە کێشانە لە لای ئەم نووسەرە پێشوەخت پێشبینی کراوە: دوو کارەکتەر، یان کێشەی جیاواز ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، دەشزانین خێر و شەڕ پێکدا دەدەن و لە بەرئەنجامدا، درەنگ یان زوو لایەنی شەڕەکە دەبەزێت، بەڵام کێشە و دژایەتییە ڕاستەقینەکان زۆر لەمە گەورەتر و فرە لایەنتر و قوڵتر و جیاوازترن. بەلای ئەم نووسەرەوە گرینگە کە



کێشەکان خێرا و دەستبەجێ ئاشکرا نەکرێن، کێشە و ململانێکان شاراوەن و لە نێوەندی، لە ناوەوەی ڕووداوەکانەوە، لە پشت ئەتمۆسفیرەکانەوە گەورە دەبن و لە بەرئەنجامێکی خێرادا دەردەکەون و ئاڕاستەی ڕووداوەکان و هەڵوێستی کارەکتەرەکان دەگۆڕن.

پرۆسەی نووسین لە لای پیتەر ئاسموسن بەقۆناغێکی تایبەتمەندا تێ دەپەڕێ و خۆشی لە چاوپێکەوتنێکدا بەم شێوەیە ئاماژەی پێ کردووە: "من هەمیشە بەر لە نووسینی شانۆنامەکە، شانۆنامەکەم تەواوکردووە، مەبەستم ئەوەیە لە مێشکمدا، لە بیر و هۆشمدا نووسیومە و دوای ئەوە لەسەر ڕووپەڕەکان دەیاننووسمەوە. هەر لەبەرئەوەشە کە خودی نووسینی شانۆنامەکە کاتێکی زۆر ناخایەنێ، بەڵام کاتێکی زۆریان دەوێت تا بەتەواوەتی لە مێشکمدا پێ دەگەن، گەشە دەکەن و بەتەواوەتی دروست دەبن. بێ گومان لە کاتی بیرکردنەوەکانمدا بەردەوام تێبینییەکانم تۆمار دەکەم، ئەو تێبینییانەش بۆ من وەک چەند وێزگە یان بەردی بناغە وان و لە دواییدا کۆیان دەکەمەوە و بەسەریاندا دەچمەوە، بەو هیوایەی کە ببنە بەشێکی یەکگرتوو. کە دەشنووسم زۆر بەشێوەیەکی ئاسایی دەڕوات و دەتوانم هەموو ڕێگەکان بەڕوونی ببینم. ئەگەر دانیشم و بەرلەوەی شتەکە لە مێشکمدا دروست بووبێت و بمەوێت بنووسم، ئەوا تەنیا دوای سێ لاپەڕە دەوەستم و توانای نووسینم نامێنێ. دەزانم کە زۆر چاوەڕوانیم کردووە، لە هەمووی گرانتر ئەوەیە کە بە بیرۆکەیەوە گیردەخۆم، دێم و دەچم، تا لە چاوترووکانێکدا ئامادەی نووسین دەبم. ئەوەش خۆی بۆ خۆی دۆزەخێکە". ئەم قۆناغی بیرکردنەوە و خۆئامادەکردنە ڕۆحی و فیکرییە زۆر گرینگە بۆ پیتەر ئاسموسن و

گەشەکردنی چیرۆک، کارەکتەر و بنیاتی شانۆنامەکانی، هەر لەبەرئەوەشە کە زۆر بەچڕی و خێرایی دەنووسێت و خۆی وتەنی "بەرهەمەکانی زۆر زوو دێن بەدەستەوە".

تەکنیکی شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە لەوەدا وەدیار دەکەوێت کە بەشێوازێکی کراوە، لە هەمان کاتدا فۆرمێکی باڵادەستی شانۆیی بەرجەستەی جیهان، وەک شانەیەکی وروژێنەر دەکات کە ئێمەی بینەران و تەنانەت ئەکتەرەکانی شانۆنامەکەشی تێدا دەژین، هەست بەبوونی خۆمان دەکەین و بەوردی جیهانبینی ئەو ڕەوشە دەکەین کە تێدای دەژین. ئەم نووسەرە بەوریایی کاریگەری شانۆنامەکانی دەخاتە سەر دەوروبەرەکەمان، سەر خودی ژیان و جیهانیش. یەکێک لە مەسەلە ناوەندی و گرینگەکانی ئەم چەند ساڵەی پرۆژە و بەرهەمە شانۆییەکانی، مەسەلە ئاڵۆزەکانی خۆشەویستی، نەمانی ئەو خۆشەویستییە و پچڕانی پێوەندییەکان بووە. پیتەر ئاسموسن دەڵێ: "کە سەبارەت بەکەسێک دەنووسم، تەنیا و تەنیا بیر لەو کەسە دەکەمەوە، هەر لەبەرئەوەشە زۆرجار دەگەڕێمەوە و ئاوڕێک لەو کەسانە دەدەمەوە کە من خۆم خوڵقاندوومن و بیر لەوە دەکەمەوە کە لە کوێوە هاتوون و بۆ کوێ دەچن؟".

پیتەر ئاسموسن زۆرجار پەنا دەباتە بەر سەرلەنوێ ئامادەکردن یان نووسینەوە و چارەسەرکردنی بەرهەمە کلاسیکییەکان و بەدیدێکی مۆدێرن و چارەسەرێکی هاوچەرخانەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات. گەڕانەوە و هەڵکۆڵین لەو کارانەدا بۆ ئەم نووسەرە دۆزینەوەی کیشوەرێکی نوێ بووە. ئەم مەسەلەیەش تای تەرازوویەکی بەدیقەت و ڕاستەوخۆ بووە لە نێوان پابەندبوون بە دەقە ئۆرگیناڵەکە، یان بتوانی



ئامادەگییەکی تەواوەتیت، وەک نووسەر لەو بەرهەمەدا هەبێ. پیتەر ئاسموسن جیاوازییەکانی نێوان کارەکتەرەکانی بەرهەمە کلاسیکییەکان و کارەکتەرەکانی خۆی دەدۆزێتەوە، بەرجەستەیان دەکات و دەگاتە ئەو ئاستەی کە خۆی شتێکی تازە لە نێو بەرهەمە کۆنەکاندا دروست دەکات. پیتەر ئاسموسن لەم ڕووەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پرۆسەی نووسین، چ وەک ئەفراندنێکی سەربەخۆ یان گەڕانەوە و کارکردن لە بەرهەمی کەسانی تردا هەر یەکێکە. پیتەر ئاسموسن جەخت لەم خاڵە دەکاتەوە و لەو بارەیەوە دەڵێ: "دەبێ لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی کارەکە بدەیت تا بتوانیت بیر بکەیتەوە و بتوانیت قسەیان لەگەڵدا بکەیت. ئەم مەسەلەیەش لە هەردوو حاڵەتەکەدا ڕوو دەدا، لەو کاتانەی چیرۆکە تایبەتییەکانی خۆم دەنووسم، یان لەو کاتانەدا کە کار لە کاری کەسانی تردا دەکەم. پێویستە چیرۆکەکە وات لێ بکات کە کارەکە ببێت بەهی خۆت".

## ژیانێکی بێ مانا، حەزێکی پڕ لە خۆشەویستی

پیتەر ئاسموسن ژیان، گەردوون و گوزەران لە بازنەیەکی بێهودە و تەقەلایەکی بێ مانادا دەبینێتەوە، ئەوەشی مرۆڤ بە ژیان و ئەوانی ترەوە دەبەستێتەوە و مانایەک دەبەخشێت بەخود و ژیان و هەموو شتەکانی تر، خۆشەویستییە. جیهان بێ مانایە، بەڵام خۆشەویستی و نزیکی ڕۆحی کەسێکی تر مانا دەبەخشێ بەژیان. پیتەر ئاسموسن دەڵێ: "مرۆڤ وا دەزانێت جیهان بێکۆتایە و ڕاستی تەواوبوونی ژیان لە لای زۆربەی کەس بوونی نییە، ئەمەش بەلای منەوە شتێکی سەیر و نامۆیە. تەنیا شتێک کە ئێمە هەموومان و بەبێ جیاوازی و بەوپەڕی دڵنیاییەوە دەیزانین، کۆتایی ژیانە. ئێمە بەردەوام بەرەو ئەو خاڵە،

ئەو وێستگەیە دەڕۆین کە چی دی هیچ شتێک بوونی نامێنێ، هەر ئەمەش ناچارمان دەکات کە چاوەڕوان نەبین و هەمیشە دەست بەکار بین".

ئەم نووسەرە پشت دەکاتە گۆڕانکارییەکان و بڕوای بەوە نییە کە گۆڕانکاری شتەکان بەرەو باشتر یان چاکتر ببات، هەڵپەی مرۆڤیش تەنیا دووپاتکردنەوەیەکی کۆنترۆڵ لەدەستدانی خۆیانە بەسەر خودی ژیانی خۆیاندا. ئێمە هەموو دەبێ شتێک بکەین، تەنیا بۆ ئەوەی کە نەمرین، دەبێ شتێکی تازە بدۆزینەوە، ئاوێزانی زەمەن بین و هەر لەبەرئەوەشە کە دەمانەوێت داهێنەر بین. پیتەر ئاسموسن لەم قەیرانەدا پەنا دەباتە بەر وتەیەکی بێکێت کە دەڵێ: "هیچم نییە بیڵێم، خەریکی ئەوەم قسە بکەم". هەر لەم دیدەشەوە هەموو شتە پڕ لە مانا و بە بایەخەکانیش لە بێ ماناییدا وزە و توانای خۆیان دەدۆزنەوە.

## لە چاوتروووکانێکدا

پیتەر ئاسموسن لە ساڵی ٢٠٠٦دا شانۆنامەی "لە چاوتروووکانێکدا" دەنووسێت و لەم شانۆنامەیەدا، جیهانی ئافرەتان، پێوەندییەکانی و گەردوونە بەرفراوانەکەی ئافرەتان لە ئۆقیانووسە چڕ و تاریکەکەی ئەم نووسەرەدا بەرجەستە دەبێ. "لە چاوتروووکانێکدا" ئازارەکانی ئافرەت، تەنیاییان، پێوەندییەکانیان بە جیهانی پیاوان و مەسەلەکانی خۆشەویستی، بە جیهانی منداڵ و کۆرپەکانیان، بە مەسەلە سێکسوالییەکانیان و بە چارەنووسە هەنووکەیی و هەمەلایەنەکانیاندا، لە چاوتروووکانێکدا گوزەر دەکات. ئافرەتەکانی "لە چاوتروووکانێکدا" لێوانلێو ئافرەتن و دنیایەکی پڕ لە حەز و خۆشەویستین.



پێنج ئافرەت ژیانی خۆیان، بەشێوازێکی خەندەئامێز، ڕەش، بێ بەزەیی، ڕاستەوخۆ و بەبێڕتوش بۆ پیتەر ئاسموسن دەگێڕنەوە. ئەم چیرۆکانە، ئەم دەکومێنتانە، ئەم ژیانە تایبەتمەندانە دەبنە بنەمایەکی گرینگ بۆ ئەم نووسەرە و لە بەرئەنجامدا ژیانی ئەو ئافرەتانە لە چاوتروووکانێکدا، لە ساتەوەختێکی هەڵچوو و کاریگەردا ئاوێزانی شانۆنامەی "لە چاوتروووکانێکدا" دەکات. شانۆنامەی "لە چاوتروووکانێکدا" ڕاپۆرتی ژیانی ئەو کەسانەیە کە هیچ پێوەندییەکیان بە هونەر و ئەدەب و شانۆوە نییە و نووسەر سەرلەنوێ لە کۆمەڵێ دیالۆژ و دیالۆگدا کۆی کردوونەتەوە و بەرگ و شێوازێکی هونەری و شانۆیی پێ بەخشیوون. ژیان لە چاوتروووکانێکدا، لێرە و هەر لە ئێستادایە. شانۆنامەکە کۆلاژێکە و لە نێو خانەکانی ژیانی تایبەتمەندی ئەو ئافرەتانەوە گەشە دەکات، هێزی خۆیان لە جیهانی دەرەوە وەردەگرن و گەردوونێکی تایبەتمەند دەستەبەر دەکەن. لە هەندێ لە ساتەوەختەکانی ئەو چاوتروووکاندنەدا ڕووبەڕووی هەردوو جیهانەکە، دەرەوە و ناوەوە دەبینەوە: ڕووکردنە جیهانێکی بەرفراوانی گەورەی دەرەوە، لە هەمان کاتدا چوونە ناو پانتاییە تەسک و زۆر تایبەتمەندییەکانی شانەکانی ژیانی ئەو ئافرەتانەوە. هەر لەم چاوتروووکانەدا پەیوەندییەکانی ئەو ئافرەتانە لەگەڵ پیاو و بەشێوەیەکی توندوتیژ، بێبەزەیی دەخاتە بەردەم دوو جۆر واقیعی ژیانەوە کە هەردووکیان لە بنەماکانی دەرەوە و ناوەوەی خۆیان، دەوروبەرەکەیان و جیهانەوە وەردەگرێت.

پیتەر ئاسموسن سەبارەت بە شانۆنامەکە دەڵێ: "ئەمە تێکستێکی ئاسایی نییە، من ناچاربووم کە شێوازە باوەکان بشکێنم تا بتوانم ژیان و بەسەرهاتەکان سەرلەنوێ و بەشێوەیەکی تر بگێڕمەوە".

هەر پێنج ئافرەتەکە بەردەوام لەسەر شانۆن و بەشێوەیەکی تەریبی ڕووداوەکانی ژیانیان، یادوەری و پێوەندییەکانیان دەگێڕنەوە، لە هەمان کاتدا تێکەڵاوی ژیانی یەکتری دەبن و هەر پێکیشەوە دەچنە تەمەنەوە. شانۆنامەی "لە چاوتروووکانێکدا"، وەک ڕەخنەگران ئاماژەیان بۆ کردووە، کۆنسێرتێکی چڕی مۆسیقییە و لە تۆنێکی ئارام و هەڵچوودا ژیانی پێنج ئافرەت بەرجەستە دەکات، لەم کۆنسێرتەدا دەنگی ئافرەت، مەرگ و یادکردنەوە و لە یادکردن لە چەقی گێڕانەوەکاندایە. پیتەر ئاسموسن لەم ئاهەنگە مۆسیقییەدا فۆڕمێکی میلۆدی ئەفراندووە، دیالۆجی ناوەکی، وتووێژی ئافرەتەکان و مەنەلۆژەکانیان لە چەندین دابڕان، پچڕان و پێکەوە بەستنەوەی جیاوازدا، بەشێوەیەکی کراوە، سوریالیزم، ئەبسۆرد و خەونەئامێز پێکدا دەچن. لە هەموو چاوتروووکانێکدا بەسەرهاتی یەکێک لەو ئافرەتانە دەگێڕێتەوە. لەوانەیە مرۆڤێک لە چرکەساتێکی کورتی ژیاندا گۆڕانکارییەکی هەتاهەتایی بەسەردا بێ: بەخۆشی و ناخۆشی، ڕووبەڕووبوونەوەی خۆشەویستییەکی گەورە، لەدەستدانی خۆشەویستییەکی گەورە، لەدایکبوونی منداڵێک، لەدەستدانی باوکێک، دووچاری گوشار و توندوتیژی، ڕاونان، لەدەستدانی کۆرپەیەک و دەستدرێژکردنە سەر ناموس لە لایەن باوک یان یەکێک لە ئەندامانی خێزانێکەوە.

شانۆنامەکە هیچ ڕێنوێنییەکی خوێنەر یان ئەکتەر ناکات و هەڵسوکەوت و هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوەی ئەکتەرەکانیش دەست نیشان ناکات، دیالۆژەکان و مەنەلۆژەکان پێکدا دەچن و ڕووداوەکان ڕوو دەدەن. هەندێ جار چۆنیەتی ڕووداوەکانیش ڕوون ناکاتەوە و تەنیا لەوێدا، لە چاوتروووکانێکدا ڕوو دەدەن، بۆ نموونە سارا لە بەشی



دووەمدا دووچاری لێدان و توندوتیژی دەبێ، بەبێ ئەوەی بزانین کە کێ لەو چرکەساتەدا لێی داوە؟

(**ئەنێتا:**

لە لای دەستشۆرەکەوە وەستاوم و دەگریم، دەڕشێمەوە.

**سارا:**

نا، مەیکێشە بەسەرمدا، مەیکێشە بەسەرمدا.

«لێی دەدرێت»

**ئەنێتا:**

ئینجا شتێکی سەیر ڕوو دەدا. لەپڕێکدا وا هەست دەکەم لە ئاسماندا دانیشتووم و لەو سەرەوە تەماشای خۆم دەکەم)

شانۆنامەی "لە چاوتروووکانێکدا" بەشی دووەم، سێرکی خۆشەویستی

ئەوەی کە لێرەدا گرینگە ئەوەیە کە شتەکان ڕوو دەدەن، ئەوەی کە ڕووش دەدا بەرهەمی ڕووداو و کاردانەوەکانی کۆمەڵگەیە، بەهەموو لایەنە تاریک و توندوتیژەکانییەوە. هەرچەندە لە پشتی هەموو گوشار و لێدان و کارێکی توندوتیژەوە، کەسێک، تاوانبارێک هەیە، بەڵام ئەوەی کە گرینگە ئەوەیە کە هەموو ڕووداوەکان بەرهەمی ئەو کۆمەڵگە مۆدێرنەیە کە تێدا دەژین و نووسەر بەوپەڕی وریاییەوە دوور دەکەوێتەوە لە دەست نیشانکردنی کەسی یەکەم، کەسی تاوانبار.ڕووداوەکان لە بەرگێکی یادوەری، گێڕانەوەدا، لە ئێستادا بەرجەستە دەبن و زەمەنەکان تێکەڵاو دەکات و ناشیەوێت کەسانی تر، بەشێوەیەکی فیزیکی جگە لە ئافرەتەکان خۆیان، تێهەڵکێشی ڕووداوەکان ببن.

هەر ئافرەتەی بەسەرهاتی خۆی هەیە، بۆ نموونە کەمیلە باسی باوکی دەکات، گرفتی باوک و پێوەندی باوک بە کچەکەیەوە؛

«**کەمیلە:**

> دەیبینم لە ناوەوە هەلاهەلابووە. باوکم. هیچ نالّێ. لەسەر مێزەکە هەڵدەستێت و دەڕوات. بەڵام لەویاشدا هەر هیچ نالّێ. من لە کاتی ئێستادا زیاترێک هەر ئەوەم دێتەوە یاد. هیچ نالّێ. شەقار بووە، بەڵام بێدەنگە و ورتەی لە دەمەوە نایەتە دەرەوە. ناتوانم هەروا بەئاسانی ئەو باسە بگێڕمەوە، چونکە یەک لە دوای یەکی ڕووداوەکانم لە یاد نییە»

شانۆنامەی "لە چاوترووکانێکدا" بەشی یەکەم، ئاهەنگی دڵان

یان پرۆسەی لەدایکبوونی منداڵێک، گوشار بۆ هێنان، دەستدرێژکردنە سەر، نەخۆشی و بێدەنگی و... هتد.

بەڵام ئەوەی کە هاوبەشە لە نێوان ئەم ئافرەتانەدا، ئەوەیە کە هەموویان ئافرەتی تەنیان، تەنیاییش دەبێتە شانەیەکی گرینگی ڕووداوەکان و بەرئەنجامی هەندێ لە کارە توندوتیژەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی یەکتریدا. یەکێک لە گرفتە هاوبەشەکانی تری ئەم ئافرەتانە ئەوەیە کە کەوتوونەتە پەراوێزەوە و نابینرێن و کەس هەست بەئازار و ژان و هەست و نەستیان ناکات. ئەو ئافرەتە پەناهەندانەش کە هاتوونەتە ئەم وڵاتەوە، هەمان چارەنووسیان هەیە و کەوتوونەتە نێو کەسە نەبینراو و پەراوێزی پەراوێزەکانەوە، نووسەریش لە چاوترووکانێکی بەهێزدا، ئافرەتێکی پەناهەندە دەگوێزێتەوە نێو پەراوێزی ئافرەتەکانی ترەوە؛

«.. ژنێک لە نێوان ئامادەبوواندا هەڵدەسێت و دەڵێ:



خۆزگە منیش بەشداری ئا ئەمە بوومایە، بۆ نا؟ بۆ نا؟ دە گوێ لەم چیرۆکە بگرە. ئێوارەیەکیان سەربازەکان هاتن و چواردەوری ماڵەکەمانیان گرت. باوکمیان ڕاکێشایە دەرەوە و لێیان دا، پرسیاریان لێ کرد و دەیانویست بزانن ڕوخساری "سەربازەکانی دوژمن" چۆن چۆنی بوون. ئێ باوکم نەیتوانی پێیان بڵێ، ئەوانیش زۆرترێکیان لێدا. هەردوو دەست و قاچ و چەناگەیان شکاند. زمانیان بە جگەرە سوتاند. دواتر بۆیان دەرکەوت کە کوێرە، ئیتر بەریاندا. من هەمیشە سەرسامی باوکم بووم. ڕاستە کوێر بوو، بەڵام ئیشێکی بچکۆلەی دەکرد و هەموومانی لەسەر دەژیاین. تەنانەت مەسرەفی خوێندنی منیشی کێشا. بەڵام پاش ئەو لێدانە هەروەک منداڵێکی بێدەسەڵاتی لێ هات. دواتریش مرد و منیش هەڵهاتم بۆ ئێرە. بەڵام دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ وڵاتەکەی خۆم. دەزانیت، نامەوێت منداڵەکانم لێرە پەروەردە بکەم. چونکە من کەسێکی نەبینراوم. کەسێکیش کە نەبینراو بێ، واتە بوونی نییە. سوپاس.

ژنەکە دەڕواتە دەرەوە»

شانۆنامەی "لە چاوترووکانێکدا" بەشی چوارەم، کەسە نەبینراوەکان

ئەم ژنە پەناهەندەیە کە لە نێوان بینەرانەوە ڕاست دەبێتەوە بەزمانی ئینگلیزی قسە دەکات، پیتەر ئاسموسن دەیەوێت دابڕانێک بەهۆی چەمکەکانی زمانەوە لە نێوان ئەو پێنج دەنگە و ئافرەتە پەناهەندەکەدا دروست بکات. دوای ئەوەی کە ئەو ئافرەتە لە ڕووداوەکان دەچێتە دەرەوە و دەرگەکە بەدوایدا دادەخات، ئەو ساتە، لەو "چاوترووکانەدا" بەسەر دەچێت کارەکتەرەکان دەیانەوێت ئەو

وەهمە بشکێنن کە تەنیا نین، کە مرۆڤیش تەنیابوو، تەنیایە، نە کەس دەیبینێت و نە کەسیش خۆشی دەوێ.

«ئەگەر بەتەنیا بەدەوری دارسنەوبەری جەژنی لەدایکبوونی مەسیحدا سەما بکەی، ئەوا دەبێ بەخێرایییەکی هەر زۆر لەحنەتی ڕابکەیت»، ئەم حیوارە لە کارەکتەرێکەوە دەچێت بۆ کارەکتەرێکی تر و بەشێوەیەکی بەردەوام دووبارەش دەبێتەوە، سیمبولێکی بەهێزی تەنیایی و ئاوازێکی خەمگینی ژیانی ئەو ئافرەتانە و کۆنسێرتەکەیانە. لە جەژنی لەدایکبوونی مەسیحدا کەس بەتەنیا نابێ و هەموو بەدەوری دارسنەوبەرەکەدا کۆ دەبنەوە و دیارییەکانیان پێشکێش بە یەکتری دەکەن. ئەم ئافرەتانە کە لەم ژورەدا کۆبوونەتەوە یەکتری تەواو دەکەن، یەکتری سەخڵەت دەکەن، سەرنجی یەکتری بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن و دڵنەوایی یەکتریش دەدەنەوە و دەیانەوێت بچنە پشت ڕووداوەکانەوە و لەلاوە تەماشای ڕابردووی خۆیان بکەن تا بتوانن سەرلەنوێ ئەو ژیانەمان بۆ بگێڕنەوە. یەکەکانی کات و شوێنیش بەتەواوەتی تێکشکێنراوە و ڕووداوەکانیش لەو مەرزە بێ کۆتا و جیاوازەدا، لە فۆڕمێکی ناتەبادا دێت و دەچێت.

شانۆنامەی "لە چاوتروکانێکدا" چەندە توندوتیژ و بێ بەزەییە، هێندەش وروژێنەر و خۆش و ساکارە، لە چرکە ساتێکدا، ساتە پڕ لە خەم و ژانەکان، تراژیدی و کۆمیدی، بەختیاری، داڕووخان و کەوتن، لە ژیانی ڕۆژانەی ئەو پێنج ئافرەتەدا دەتەقێنێتەوە. نووسەری شانۆنامەکە وەک نوزەیەکی درێژ، لافاوێکی بەردەوام و قیژەیەکی لەدوا نەهاتوو نووسیوە و هەندێ لە ساتەوەختەکانی ژیانی مرۆڤە، شالاوێکە لە هۆش و منی ئاگا.



«دەکرێت گفتوگۆکانی ئەم شانۆگەرییە لەگەڵ یەکتریدا بێت، هەندێکیشیان دەکرێت بە هاوار، بە چرپە یان وەک گۆرانی بگوترێن یاخۆ بەقیژە دەرببڕدرێن»

هەریەک لەم پێنج پەردەیە خاوەنی دەنگێکی سەرەکییە «کەمیلە، ئەنێتا، سارا، تامی و بیگیتا». گرینگە کە دەنگی سەرەکی لە هەر پەردەیەکدا بەتۆنێکی جێگیر بەردەوام بێ و لە کاتێکیشدا قسەکانی پێ دەبڕن، دەبێ کاریگەری لەسەر نەبێ و دواتر لەسەر هەمان تۆن بەردەوام ببێتەوە»

## پێشەکی: لە خوارەوە، لەسەر زەوی

**بیگیتا:**

شتێکم لە خەیاڵدایە و نایەتەوە یادم. دەزانم شتێکی گرینگە. بەڵام نایەتەوە یادم. بیرم ناکەوێتەوە.

(دەڕواتە دەرەوە)

**تامی:**

هەر ئەوەندەیە کە دەیەوێت سەرنجمان ڕابکێشێ.

**ئەنێتا:**

بەیارمەتیت تەماشایەکی من بکە. نازانم، جلی گونجاوم پۆشیووە یان نا. لە ڕاستیدا خۆم حەزدەکەم پێلاوی پاژنەبەرز لەپێ بکەم، بەڵام کە بەو پیلاوانەوە دەڕۆیت، دەنگیان لێ بەرز دەبێتەوە و وەک ئەوەیە بڵێن؛ کلیک، کلاک، کلیک، کلاک.ڕقیشم لە پێلاوی مارکەی 'ئیکۆ"یە. بەڕاست، شتێکی مامناوەندیم هەڵنەبژاردووە؟

**سارا:**

ئەرێ هیچ کەسێک نییە باوەشێکم پیادا بکات؟

(بیگیتا دێتە ژورەوە)

**بیگیتا:**

سەد حەبی خەوم خوارد.



**تامی:**

ئۆ هۆوو، ئەوە دیسان هاتەوە.

**کەمیلە:**

ئێ، ئەی دواتر چی ڕووی دا؟

**بیگیتا:**

ڕووی دا؟

**کەمیلە:**

مردی؟

**بیگیتا:**

دوو ڕۆژ دواتر بەسەر هەراوەوریایەکی بێ وێنەدا خەبەرم بووەوە.

**کەمیلە:**

ئێ؟

**بیگیتا:**

ئێ؟

**کەمیلە:**

ئێ دواتر چی؟

**بیگیتا:**

هیچ، هەر ئەوەندەیە ئێستاکە پێم خۆشە بمرم و تەواو.

## ١: ئاهەنگی دڵان

**کەمیلە:**

دەبینم لە ناوەوە هەلاهەلابووە. باوکم. هیچ ناڵێت. لەسەر مێزەکە هەڵدەستێ و دەڕوا . بەڵام لەویاشدا هەر هیچ ناڵێ. من لە کاتی ئێستادا زیاترێک هەر ئەوەم دێتەوە یاد. هیچ ناڵێ. شەقار شەقار بووە، بەڵام بێدەنگە و ورتەی لە دەمەوە نایەتەدەرەوە. ناتوانم هەروا بەئاسانی ئەو باسە بگێڕمەوە، چونکە یەک لە دوای یەکی ڕووداوەکانم لە یاد نییە. یان بڵێم بەلایەنی کەمەوە بەڕیز و بەپێی کاتی ڕوودانیان نایەنەوە یادم. ئێ بەڕاست هەموو کەسێکیش هەر وا نییە؟ هەموومان هەر بەتێکەڵ و پێکەڵی شتەکانمان نایەتەوە یاد؟ بەڵام خۆ هەمیشە دەشتوانین پشتگوێیان بخەین.

**تامی:**

دەمەوێت بۆیاخی ژووری دانیشتنەکە بگۆڕم و بیکەم بەسەوز.

**ئەنێتا:**

ئەی ماوەیەک لەمەوبەر بۆیاخیان نەکردەوە؟

**تامی:**

ئاخر بێزارم لەو ڕەنگە سپییە.

**کەمیلە:**

بەڵام کە دایکت شتێکت دەربارەی باوکت بۆ دەگێڕێتەوە، ئیدی ناتوانی پشتگوێی بخەیت. خۆ لە ڕاستیشدا باسی ئەو ناکات، یان بڵێم ڕاستەوخۆ باسی ئەو ناکات. ئەو شتێک دەربارەی



خۆی دەگێڕێتەوە، کە بەپێویستی نازانێ باوکت بیزانێت، بەڵام بەو شێوەیە باسی ئەویش دەکات. ئەرێ وا نییە؟

**بیگیتا:**

بەڵێ، دایە قسە دەکات.

**کەمیلە:**

ئەم کاتەت باش دایە.

هەمووان:

ئیەها، پیپ، پیپ، پیپ.

ئیەها، پیپ، پیپ، پیپ.

ئەرێ بەڕاستی کاتێکی خۆش نابەینە سەر.

ئەرێ بەڕاستی کاتێکی خۆش نابەینە سەر.

پیپ، پیپ، پیپ.

پیپ، پیپ، پیپ.

ئەرێ بەڕاستی کاتێکی خۆش نابەینە سەر.

جارێکی تریش.

ئیەها، پیپ، پیپ، پیپ...

ئیەها، پیپ، پیپ، پیپ...

**بیگیتا:**

لە ژێرەوە پێوەندییەکی دڵداریم لەگەڵ دراوسێکەماندا هەیە. تۆش دەیناسیت. بیرت نایەت لەگەڵ کچەکەیاندا یاریت دەکرد؟ ئەرێ کچەکەی ناوی چییە؟ ناوەکەیم بیرچووەتەوە، بەڵام هەمیشە پێکەوە ئاهەنگی ڕۆژی لەدایکبوونتان دەگێڕا. هەر

زۆر زۆر خۆشە. هەست دەکەم سەرلەنوێ هاتوومەتەوە ناو ژیان! نازانم، وا بزانم باشترێک بوو باسی ئا ئەمەیانم نەکردبایە؟ نەدەبوو باسی ئەمەیانم بکردایە، ها؟ هەست دەکەم ئەم باسە زیاترێک لە پەپولەیەک دەچێ، هەر کە دەستت بەر باڵەکانی کەوت، ئیدی ناتوانێت بفڕێت، وا نییە؟

**سارا:**

ئەرێ منداڵ چۆن دەگری؟

(ئەنێتا لاسایی منداڵێک دەکاتەوە کە دەگری)

**کەمیلە:**

هەر کەمێک دواتر ڕێککەوتین لە چێشتخانەیەکدا یەکتری ببینین، چاوم پێکەوت. مەبەستم لە باوکمە. من و ئەو زۆر جار ئاوها کۆ دەبینەوە. وا بەرامبەر یەکتری دانیشتووین و یەکەم جارە کە من شتێک دەربارەی ئەو بزانم و ئەو درکی پێ نەکات. یەکەمین جارە لە ژیانمدا بەو شێوەیە خۆم ببینمەوە. من هەمیشە دەمزانی چ دیارییەکی لە ڕۆژی لەدایکبوونی مەسیحدا پێشکێش دەکرێت، یان شتگەلی لەو بابەتە. هەڵبەتە شتی بێ مانا و قۆڕ. بەڵام ئەمە یەکەمین کەڕەتە شتێکی وا دەربارەی بزانم کە پێم وایە لەت و پەتی بکات. شتێک کە وای بۆ دەچم هەلاهەلای بکات.

**ئەنێتا:**

ناتوانین بڵێین فلان کەس یان فیسار کەس شتێکی هەڵە دەکات. ئێ خۆ ئەگەر ئەوانیش نەیکەن، یەکێکی تر هەر دەیکات. هەر دەبێت کەسێک یەکێکی تر بکات بە ژێرەوە. هەر



دەبێ کەسێک لە ژێرەوە خیانەت لە باشترین کچی برادەرت بکات. هەرچی دەربارەی خۆشمە دەتوانم بڵێم ئەگەر دایکم خۆی نەکوشتبایە، ئێستاکە من نەمدەتوانی لێرەدا دابنیشم و چێژ لەم پیاڵە چایە وەربگرم.

**کەمیلە:**

ئا لێرەدا کەمێک لەیەک دوور دەکەوینەوە. بەرلەوەی هیچ شتێک بڵێین، نەختێکی کەم بیر دەکەینەوە.

**تامی:**

گرێیەک لە مەمکمدایە.

**سارا:**

جا کێ ئەوەی نییە؟

**بیگیتا:**

ئێ لەوەوبەر هەمیشە پێکەوە قسەمان دەکرد. من و تۆ. دەمانتوانی پێکەوە بدوێین. بەڵام بۆچی وا لە ناکاوێکدا ناتوانین چی دی پێکەوە قسە بکەین؟

**کەمیلە:**

بابە، ئێ ئێستاش هەر دەتوانین.

**بیگیتا:**

بەڵام وەک جاران نییە.

**کەمیلە:**

ئێستا پێکەوە قسە دەکەین.

**بیگیتا:**

باسی شتی تورەهات و بێ مانا دەکەین.

**کەمیلە:**

پاشان هەڵدەستێت و بەرەو دەرەوەی چێشتخانەکە دەڕوا، وردەکارییەکی زۆر شێتانەی ئەو ساتەم لە بیرە و هەر ئەوەشە کە دەمخاتە گریان. لەو کاتەدا کە دەڕواتە دەرەوە، بەدەم کچی بۆیەکەوە پێ دەکەنێ و تەوقەیەکی لەگەڵدا دەکات. ئاخر ئەو قەت تەوقە لەگەڵ هیچ کەسێکدا ناکات.

**ئەنێتا:**

کەسێک تەوقە دەکات. منیش یاری پەپولە دەکەم. ئەگەر دەست لە باڵەکانم بدەیت، ئیتر ناتوانم بفڕم. خوایە، ئەم هەموو شتانە چین کە پێویستیان بەدەڕنافیزە.

**کەمیلە:**

بەدڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم باوکم کەسێکی وەها نییە کە بەئاسانی بتوانیت لەگەڵیدا بژیت. باوکم گەورەیە. هەڵبەتە مەبەستم لەوە نییە کە قەڵەو بێ، بگرە مەبەستم لە لایەنی دەروونییەتی. هیچ شتێک نایلەرزێنێ. زۆر بەدەگمەن هەستی خۆی نیشان دەدا. کارەکانی ڕادەپەڕێنێ. بەدڵسۆزییەوە دەیانکات. بەبێدەنگی، بەبێ ئەوەی هیچ شتێک لە لای هیچ کەسێک بدرکێنێ.

**سارا:**

ئەرێ پیاو چۆن دەگری؟

(ئەنێتا لاسایی پیاوێک دەکاتەوە کە دەگری)

**کەمیلە:**

دڵنیام منیش ئەو سیفەتەم لە ئەوەوە بۆ ماوەتەوە. سیفەتی



ساردییەکەی. لە ڕاستیشدا پێم وابێ کەسێکی زۆر ساردبوو. بەڵام وا بزانم لە بنەڕەتدا ئەو ساردییەش هێزە. ئەو کەسێکی بەهێزە، بەڵام بەشێوەی تایبەتی خۆی. زۆر بەهێزە... ئاااا، ئەو نامانە. دایکم بەلێشاو نامەم بۆ دەنووسێت و لەگەڵ هەموو نامەیەکیشدا کەمێک زیاتر باوکم لەدەست دەدەم.

**بیگیتا:**

نامەکان بسوتێنە، هەمیشە نامەکانت بسوتێنە.

**کەمیلە:**

نازانم بۆ، بەڵام من ئەوەیان ناکەم. من نامەکان ناسوتێنم. دڵنیام ئەو نیگەرانی و ترسە شاراوەیەی دایکیشم هەیەتی، بەهۆی ئەوەوەیە کە سور دەزانێت شتێکی خەتەر دەکات، بەڵام ئیتر ناشتوانێت هەروا بێدەنگ بمێنێتەوە، هەر دەڵێی بەسەر توێژاڵێکی تەنکی سەهۆڵدا دەڕوات. چی دی ناتوانێ چاوشارکێ لەگەڵ باوکمدا بکات. ئێ خۆ ناچاریشە کەسێک بدۆزێتەوە کە گوێی بۆ شل بکات، ئەو کەسەش منم... ئینجا لە پڕێکدا جەژنی لەدایکبوونی مەسیح دێتە پێشەوە.

**هەموان:**

ئیەها، پیپ، پیپ، پیپ!
ئیەها، پیپ، پیپ، پیپ!
ئەرێ بەڕاستی کاتێکی خۆش نابەینە سەر!
ئەرێ بەڕاستی کاتێکی خۆش نابەینە سەر!
پیپ، پیپ، پیپ!

پیپ، پیپ، پیپ!

ئەرێ بەڕاستی کاتێکی خۆش نابەینە سەر.

جارێکی تریش.

ئیەها، پیپ، پیپ، پیپ!...

ئیەها، پیپ، پیپ، پیپ!...

**کەمیلە:**

لە ڕاستیدا من هەمیشە لە باوکم ترساوم. ئەو لەو کەسانەیە کە بەلایانەوە ئاساییە لە منداڵەکانیان بدەن، هەڵبەتە ئەگەر هەڵەیەک بکەن، دەڵێن ئەوەی هەڵەیەک بکات دەبێت ئاکامەکەشی بچێژێ.

**ئەنێتا:**

ئەرێ بەڕاست باشترێک نەبوو پێڵاوە پاژنە بەرزەکانم لە پێ بکەم؟

**کەمیلە:**

مەبەستم لەوە نییە کە کەسێکی بەزەبروزەنگ بووبێ یان ئێستاکە لەو بارەیەوە تووشی زەبری دەروونی بووبم، بەڵام هەر ئەوەندەبوو کە زۆر بەلایەوە ئاسایی بوو زللەیەک لە منداڵەکانی بدا. من بەشێوەیەکی تر لێی تێ دەگەم. ئەوەی ئەو دەیکرد هیچ پێوەندییەکی بەتوندوتیژییەوە نەبوو. بەڵام ئەو ترسە بەدەنییە دیوێکی دەروونیشی هەبوو... ڕێز. ئەو دەسەڵاتێکی گەورەی نیشان دەدا. پیاوێکی زۆر بەدەسەڵاتە. خۆزگە کەمێکیش ئاشقی بم. ئێ کەس هەیە ئاشقی باوکی نەبێ؟



**ئەنێتا:**

قەت بەتەواوەتی نەمتوانییوە ڕێز لەو ژنانە بگرم کە بەتەنیا دەژین. بەبڕوای من ئەگەر ژنێک بیەوێت پیاوێکی هەبێ، ئەوا دەشتوانێت پەیدای بکات. ئەگەر جلەکانیان دابکەنن و تەماشایەکی خۆیان بکەن لە ئاوێنەکەیاندا و بەشێوەیەکی واقیعی ژیان ببینن، ئەوا زۆر بەئاسانی دەتوانن پیاوێک بهێننە ژیانیانەوە.

**کەمیلە:**

ژووری کارکردنەکەی باوکم زۆر زۆر گەورەیە. ئەو هەمیشە لەوێ دادەنیشێ و کار دەکات. ئێوارەی ڕۆژی جەژنی لەدایکبوونی مەسیحە و پێ دەنێمە ژورەکەیەوە. لەویادا بەڕاستی هەست دەکەم لەناوەوە زۆر لاوازم.. هەست دەکەم لە بەرامبەریدا زۆر ناسکم. هەر بە فوویەک دەکەوم. لەسەر کورسییەکەی ئەوبەر مێزی نووسینەکەیەوە دادەنیشم، کورسییەکی نزمە و ئەوەش وام لێ دەکات هێندەی تر لە بەرامبەریدا بچوک ببمەوە و ئەویش هێندەی تر گەورەتر دێتە بەرچاوم. هەست دەکەم هیچ شتێکم لە بەردەستدا نییە دەستی پێوە بگرم، هیچ پاڵپشتێکم نییە و هەموو شتێک لە ژێرمدا ون دەبن، ئینجا پێی دەڵێم...

**تامی:**

پێم خۆشە شیعرێکی خۆمتان بۆ بخوێنمەوە. پێم وایە بەشێوەیەک لە شێوەکان دەتوانم باشترێک بە شیعر گوزارشت لە بیروڕاکانم بکەم وەک لەوەی هەروا بە قسەی ئاسایی

بیانڵێم. ئاخر من کۆمەڵێک ئەزموونی مرۆییم هەیە. هەر بۆ نموونە لە شەقامی 'فیلۆستغادە" پیشەی سەرتاشیم کردووە. ئەو شیعرە دەربارەی خۆم نییە، بەڵام من لەو شیعرەدا دەڵێم:

لە وێستگەی سەرەکی قیتار دانیشتووم
زۆر زۆر ماندووم، لە ڕادەبەدەر هیلاکم
سەرلەبەیانی زووە و بەتەنیا دانیشتووم
بەتەنیا لە نێوان سەدان کەسدا دانیشتووم
کچێکی بچکۆلەم، هیچ شوێنێکم نییە ڕووی تێکەم،
تەنیا و تەنیا خۆم شک دەبەم.
تەواو.

**کەمیلە:**

لەوەدەچێ پێوەندیتان هێندە باش نەبێت، مەبەستم لە پێوەندی نێوان تۆ و...

**بیگیتا:**

دایکت کەسێکی ڕاستگۆ نییە.

**کەمیلە:**

تا ئێستاش نازانم دەستی بۆ لێدان بەرز دەکاتەوە یان نا، بەڵام من لای خۆمەوە وا هەست دەکەم لێم دەدا، ئینجا دەڵێ...

**بیگیتا:**

ئەگەر شتێک دەزانی، ئەوا ئێستاکە ئەو کاتە لەحنەتییەیە کە دەبێت تێیدا بگوترێت.

**کەمیلە:**

منیش زۆرم پێ خۆشە هەموو شتێکی پێ بڵێم، باسی دایکم و



نامەکان و هەموو ئەو شتانەی بۆ بگێڕمەوە کە دەیانزانم، بەڵام فریا ناکەوم، چونکە لەویادا دایکم دێتە ژورەوە و تەماشایەکم دەکات.. منیش سەیرێکی دەکەم، ئێ تەنیا من و دایکم ئەو شتانە دەزانین. دایکم دەڵێ: "کاتی نانخواردنە"، تەنیا ئەوەندە دەڵێ و دەڕواتەوە خوارەوە. دواتریش کاتی نانخواردنی ئەو ئێوارەیە دێتە پێشەوە، دەیبینم وا لە ناوەوەیدا خەریکە هەلاهەلا دەبێت و دایکیشم لە پشتەوە بەردەوام بێهودە دێت و دەچێت..

**هەمووان:**

ئیەها، پیپ، پیپ، پیپ!
ئیەها، پیپ، پیپ، پیپ!
پیپ، پیپ، پیپ!
پیپ، پیپ، پیپ!

**کەمیلە:**

پاشان باوکم هەڵدەسێت و دەڕوات، منیش بەدوایدا ڕادەکەم، لەسەر جێگەی خەوەکەی دانیشتووە و دەگری، ئەوە یەکەم جارە لە ژیانمدا بیبینم کە بگری... دواهەمین جاریشە. پاش نەختێک ژیر دەبێتەوە و هەروا لەسەر جێگەکەی دانیشتووە، بەڵام چی دی لە باوکم ناچێت و منیش دەمەوێ بیگەڕێنمەوە و وەک جارانی لێ بکەمەوە، دەمەوێ هەموو شتێک وەک جارانی لێ بێتەوە و تەنیا شتێک کە دەتوانم پێی بڵێم...

**سارا:**

بابە؟

**کەمیلە:**

بابە، شتێک هەیە و دەبێ پێت بڵێم. لەو کاتەشدا کە ئەو قسەیە دەکەم سور دەزانم کە تێک دەشکێت. لەت و پەت دەبێت.

**ئەنێتا:**

سەیرە، ئینجا هەروا بەئاسانی هەموو نهێنییەکان بۆ ئەو بەرازە دەدرکێنێ. ئەرێ ئەوە چی دەکات؟

**تامی:**

ئاشقە.

**ئەنێتا:**

تەماشای کە. لەوە ناچێ ئاشق بێ.

**تامی:**

ئاشقی باوکییەتی.

**ئەنێتا:**

هیوای کاتێکی خۆشت بۆ دەخوازم. منیش ئەوەم بەسەرهاتووە.

**کەمیلە:**

هەست دەکەم یەکسەر سەرشانی سوک دەبێ، زۆر سوک دەبێ. لە ڕاستیدا منیش سەرشانم سوک دەبێ، چونکە ئەگەر ئەو سەرشانی سوک بێ، منیش سەرشانم سوکە و ئیدی هەموو شتێک وەک جارانە. ئۆخەی وا دواجار توانیم باوکم بگەڕێنمەوە. نهێنییەکانی. نزیکی لێمەوە. باوکمم دەستکەوتەوە.

**سارا:**

ئەگەر بەتەنیا بەدەوری دارسنەوبەری جەژنی لەدایکبوونی



مەسیحدا سەما بکەیت، ئەوا دەبێ بەخێراییەکی هەر زۆر لەحنەتی ڕابکەی.

**کەمیلە:**

ئینجا دەچینە خوارەوە بۆ لای ئەوانی تر. هەموویان دانیشتوون و پێکەوە قسە دەکەن؛ دایکم، خوشکە بچکۆلەکەم، براکەم و ژنەکەی و کوڕە بچکۆلەکەیان، باپیرەم و داپیرەم، هەموویان لەوێن. نازانم بۆ، بەڵام زۆر بەڕوونی بیرمە گۆشتی پشتەمەغزەی سورەکراویان بەپیازەوە دەخوارد.

**سارا:**

ئەو خواردنە چۆن ئامادە دەکرێ؟

**کەمیلە:**

نازانم بەهۆی چ شەیتانێکی نەحلەتییەوەیە وا لە پڕێکدا ئەوەم بیر دەکەوێتەوە؟ دەڵێم؛ "دایکم لەگەڵ پیاوێکی تردا دەستی تێکەڵ کردووە"، هەر ئەوەندە دەڵێم و هەموویان بێدەنگ دەبن. هەموویان تەماشای دایکم دەکەن و خوشکە بچکۆلەکەم دەڵێ،

**ئەنێتا:**

دایە، ئێ دە بۆ خاتری جەهەنەم شتێک بڵێ!

**کەمیلە:**

ئیتر هەموو جەوەکە تێک دەچێ.

**بیگیتا:**

باوەشێکم پێدا ناکەیت؟ ئەرێ هیچ کەسێک نییە باوەشێکم پێدا بکات؟

**کەمیلە:**

براکەم و ژنەکەی دەڕۆنەوە ماڵی خۆیان و ئیتر قەت نایانبینمەوە، داپیرەم دڵنەواییی خوشکە بچکۆلەکەم دەداتەوە، نازانم، وا بزانم من دڵنەواییی ئەو دەدەمەوە. دایکیشم هەر دەگری.

**سارا:**

پاش سورکردنەوەی دەبێ ماوەیەک دای بنێیت ئینجا بەش بەشی بکەیت، وا نییە؟ مەبەستم لە گۆشتی پشتەمەغزەکەیە، نابێت وا بکرێت؟

**کەمیلە:**

داپیرەم و باپیرەم لە یادە. بەبێدەنگی بەدەوری دارسنەوبەرەکەی ڕۆژی جەژنی لەدایکبوونی مەسیحدا دانیشتوون.

**سارا:**

(گۆرانی دەڵێت)

جەژنێکی خۆش، جەژنێکی خۆش... فریشتەکان بەهێواشی دێنە خوارەوە... «دەوەستێت، هەر ئەوەندەی گۆرانییەکەی لە یادە» سەختترین شتی ئەو جەژنە گۆرانییەکەیەتی، هەڵبەتە ئەگەر بەتەنیا ئەو جەژنە بکەیت. هیچ کەسێک بەتەواوەتی ئەو تێکستەی لەبەر نییە، هەروا نوزەنوزێکی بۆ دەکەن، ئەوەش شتێکی ئاساییە.

**کەمیلە:**

من هەمیشە توانیومە بەڕاشکاوی قسەیان لەگەڵدا بکەم و ئێستاش دەمەوێ بیاندوێنم، دەچمە لایانەوە؛ ئەم کاتەت باش



باپیرە.. ئەم کاتەت باش نەنە.

(بێدەنگی)

**کەمیلە:**

چۆنن؟ ئەی ئێوە لەو بارەیەوە چی دەڵێن؟ باپیرە؟ نەنە؟

(بێدەنگی)

(بێدەنگی)

(بێدەنگی)

**کەمیلە:**

بەڵام ئەوان چی دی نایانەوێت قسەم لەگەڵدا بکەن. قەت قەت. بەو شێوەیەش کۆتایی بەو جەژنە دێت. هەر ڕێک دوای ئەو جەژنەش دایکم دەگوێزێتەوە، یان ڕاستتر بیڵێم، دەیگوێزینەوە، بەتەواوەتی ئیفلیج و سست بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەیگوێزینەوە بۆ ئەپارتمانێکی تر و تا ئێستاش هەر لەوێ دەژی. دایکم لەو کەسە بێ دەسەڵاتانەیە کە خۆیان هیچیان پێ ناکرێت. نازانێ چی لەم ژیانە بکات، هەر چاوەڕوانی کارەساتەکانە تا بەسەریدا داببارێن. ڕەنگە ئەو ڕووداوە هەر ڕێک وەک خەونەکەی بووبێ؛ کارەساتەکە لەپڕێکداڕووی دا و ژیانی گۆڕی. ئەوەش بەئازارە. ئێ منیش دەمزانی. دەمزانی کە هەلاهەلای دەکات. باوکم. دەمزانی بەرگەی ئەوە ناگرێت کە شتێکی وەها بەئاشکرا بگوترێ.

**بیگیتا:**

شتێک بزانیت لە کوێ و ئەگەر پێت بڵێن لە کوێ؟ ئەو دوانە زۆر جیاوازن.

**تامی:**

چەندە جوانیت کە شتێکی قۆڕ و بێ مانا دەڵێی.

**بیگیتا:**

بەڕاستیتە؟ جوانم؟

**تامی:**

جوانترین شتی جیهان...

**کەمیلە:**

نامەوێت بیبینم کە ونبێت. ناخوازم بیبینم کە تێک بشکێت. نەک لەبەرئەوەی کە باوکمە یان لەبەرئەوەی کە ئاشقیم یاخو لەبەر هەر شتێکی تر کە لە نێوان کچان و باوکیاندا هەیە، بەڵام زۆر بەئاسانی لەبەرئەوەی...

**بیگیتا:**

ئەی لەبەرچی؟

**کەمیلە:**

چی لەبەرچی؟

**بیگیتا:**

بۆ نابێت باوکت ونببێت؟ بۆ نابێت تێک بشکێت؟

**سارا:**

ئەرێ ژن چۆن دەگری؟

(ئەنێتا لاسایی ژنێک دەکاتەوە کە دەگری)

**کەمیلە:**

ڕۆژێکیان لە ناکاودا تەلەفۆن دەکات،



**بیگیتا:**

بەڵێ، باوکت قسە دەکات.

**کەمیلە:**

دەڵێت دەتوانم بێم سەردانێکت بکەم، منیش دەڵێم فەرموو وەرە. دێت و تەنیا ئێستا ئەوەم بەخەیاڵدا هات بەرامبەرم لەسەر کورسییەک دادەنیشێت و منیش لەسەر مێزی نووسینەکەمم، وەک ئەو کاتەی کە جەژن بوو بەرامبەر یەکتری دادەنیشینەوە. ناتوانم ئیسراحەتی خۆم وەربگرم. من قەت لەگەڵ باوکمدا ئیسراحەتی خۆم وەرناگرم. ئەرێ لەوەو پێشیش باسی ئەوەم نەکرد؟ ئینجا دەست دەکات بەقسە و هەر دەڵێی سەهۆڵاوێک بە سەرتاپای جەستەمدا دەڕێژن..

**بیگیتا:**

کێشەی وەفاداری شتێکی قۆڕە.

**کەمیلە:**

ئیدی دەڕوات.

**تامی:**

تەوقەی لەگەڵ کچی بۆیەکەدا کرد؟

**کەمیلە:**

گاڵتەجارییەکە لەو وشانەدایە کە لە کاتی وتنیاندا زۆر میهرەبانانە دێنە بەرگوێ، بەڵام لە ڕاستیدا مەبەستی وشەکان ڕێک پێچەوانەکەیەتی. ئەو وشانە دەرگەیەکی یەکجار قورسبوو و باوکم دای خست. ئینجا کلیلەکەشی فڕێدا. شتێکی باش و جوانیش دەبوو ئەگەر من لەمبەرەوە نەبوومایە و ئەویش لەوبەرەوە.

**تامی:**

من ئەو کەسانە باش دەناسم. گوی دنیات بەسەردا دەکەن. هەر لۆمەت دەکەن و مێشکت کون دەکەن؛ تۆ وات لێ کردم و تۆ ئەوەت لێ سەندمەوە، تۆ نەتهێشت ژیانێکی خۆش بژیم و تۆ هەموو فرسەتەکانی ژیانی منت بە فیڕۆ دا.. ئەی پاشان دەگات بەچی؟ بەسەربردنی ژیانێکی تاڵ و ناخۆش. ئینجا لە پاش ئەو سەلامە بچکۆلە و جوانە لە بەرچاوی خەڵکیدا، ئاوڕێک دەدەنەوە و بە خەندەیەکەوە بەکچی بۆیەکە دەڵێن "ئەرێ بۆ دوای نان خواردن، هیچ شتێکی شیرینتان نییە؟"

**کەمیلە:**

لە ناو سەیارەکەمدا دادەنیشم و لە دڵی خۆمدا دەڵێم ئەگەر لەمناوەدا بەندەرێکی لێ بێ، ئەوا بەسەیارەکەمەوە خۆم فڕێ دەدەمە ناوی، یان ئەگەر درەختێک هاتە بەردەمم ئەوا خۆمی پێدادەکێشم، بەو شێوەیەش بۆ ماوەی سێ ساڵی داهاتوو تەنیا بیر لە مردن دەکەمەوە. خۆم بەخۆم دەڵێم ئەگەر بەسەر شەقامێکدا بڕۆم و لۆرییەک بەرەو ڕووم بێ، ئومێدەوارم شۆفێرەکەی دڵی بوەستێت و بێتە سەر شۆستەکە، لێم بدا و بمکوژێ.

**ئەنێتا:**

ڕەنگە من لەو حاڵەتانەدا بپەشۆکێم؛ سەیارەیەک لێت دەدا، دەتبەنە خەستەخانەیەک و جلەکانت دادەکەنن و جلی پاکی ژێرەوەشت پێنییە.

**کەمیلە:**

ئا بەو شێوەیە سێ ساڵی داهاتوو دەیگوزەرێنم، بەڕووکەش



وەزعم زۆر نایابە، چونکە نامەوێت ملیان بۆ کەچ بکەم، بەڵام لە ڕاستیدا مردن تەنیا شتێکە کە بیری لێ دەکەمەوە. دواجار سەرلەبەیانی شەممەیە و بۆ دووەم جارمە کە لەگەڵ هەمان کوڕدا شەو بکەمەوە، ئەمە بەتەواوەتی دژی مەبدەئی منە، چونکە نامەوێت خۆم بەهیچ کەسێکەوە ببەستمەوە، یان ناتوانم. لەسەر جێگەی خەوەکە پاڵکەوتووین و تیشکی خۆر بە ورووژم دێتە ژورەکەوە، زۆر زەعیفبووم و سکم دێشێت، هەر زۆر خراپ سکم دێشێت و ئەویش لێم دەپرسێت "ئەوە چیتە؟"، ئینجا دەڵێم "ئازارم هەیە و هیوادارم بمکوژێت"، ئیدی سەیرێکم دەکات و دەڵێت...

**بیگیتا:**

هیوادارم تۆ قەت قەت نەمریت...

**کەمیلە:**

لەو چرکەیەدا، بۆ یەکەمین جارە لە ژیانمدا کەسێک پێم بڵێت "بوونی تۆ بەلای منەوە گرینگە"، وە بەڕاستیشی بێت، من ئاوها تێگەیشتم و لە دڵی خۆمدا گوتم "ئووووها، بەڕاستی نیگەران دەبێ ئەگەر من لەم ژیانەدا نەمێنم. ڕەنگە خێزانەکەم دەرگەیەکی گەورە و قورسیان لەسەر داخستبێتم، بەڵام ئەوە هیچ نییە. ئەوە تەنیا بۆ ئەوەبوو کە دەرگەیەکی زۆر گەورەتر و قورستر بکرێتەوە و بەسەر ئەم ژیانەدا بڕوانێ".

(سارا دەگری)

**بیگیتا:**

ئەوە چییە؟

**سارا:**

منم، دەگریم.

**بیگیتا:**

لە دەنگی تۆ ناچێ.

***

## ٢- سێرکی خۆشەویستی

**ئەنێتا:**

دواترێک زانیم. ئەو دکتۆرە و لە هەمان ئەو خەستەخانەیەدایە کە من گەنجترین دکتۆرم تێیدا. تازە شەهادەم وەرگرتووە و ئەمە یەکەمین کاری ڕاستەقینەمە، لە بەشی پزیشکیی داوودەرماندا چاوم پێی دەکەوێ و هەر لە دوای یەکەمین خەفەریاتمانەوە، داوام لێ دەکات پێکەوە بچینە دەرەوە...

**بیگیتا:**

دەکرێت دەعوەتی پیتزایەکی قۆڕت بکەم؟

**ئەنێتا:**

سەرەتا هەر بەو پاکییە دەست پێ دەکات. لە یادیشمە لە خەفەریاتێکدا هاتە خوارەوە بۆ لام و کۆمەڵێک ئامۆژگاری باشی کردم. زۆر میهرەبان بوو لەگەڵمدا و منیش دڵم بەوە خۆشبوو کە کەسێک لەو سەرەتا سەختەدا پێشوازیم لێ بکات و یارمەتیم بدا. وردە وردە وای لێ هات زیاتر و زیاتر پێکەوە دەچووینە دەرەوە و نانمان دەخوارد. بەڵام پێوەندییەکەمان لەوەندە زیاتر تێ نەپەڕی. وا بزانم نەبوو بەو پێوەندییەی کە من



ئومێدم دەکرد. ئێ خەڵکی هەمیشە جۆرە ئومێدێکیان نییە؟

**سارا:**

هەندێ جار هەر لە خۆیەوە حەزدەکەیت شتێکی سەیر یان ترسێنەر بکەیت. بۆ نموونە کەسێک بکەیت بە ژێرەوە، یان لە ناوەڕاستی جادەیەکدا خۆت ڕووت بکەیتەوە. یاخۆ بەکەسێک بڵێی "پێم وایە تۆ ناشیرینیت، هەر زۆر زۆر ناشیرینیت". هەروا بەئاسانی. شتێکی چاوەڕواننەکراو بڵێیت. هەروا بێ هۆ. ئەرێ ئێوەش هەروا نین؟

**ئەنێتا:**

ئا لەم کاتەدا فرم بەسەر هیچ شتێکەوە نییە. من بەتەواوەتی کەسێکی نەزان و ساویلکەم. هیچ شتێکی وا دەربارەی خۆم نازانم. نازانم چ شتێک لە ناوەوەمدا خۆی حەشارداوە. نازانم چی لە ناوەوەمدایە.

**تامی:**

کلۆنک، کلۆنک، کلۆنک

**بیگیتا:**

ئەوە چییە؟

**تامی:**

ئەوە دەنگی منە.

**ئەنێتا:**

دواتر دەچمە خوارەوە بۆ لای، بیرمە سەرقاڵی چەند پشکنینێکی دڵ بوو، پێم خۆشبوو، چونکە بەو شێوەیە تەماشای نەدەکردم، ئینجا پێم گوت؛ ئەگەر پێوەندییەکەمان لە

چاوبازی تێ نەپەڕێت، ئەوا پێم وا بێ بوەستین باشترە. واز لە پشکنینەکانی دێنێ و دەڵێ: "پێم ناخۆشە کە وا دەڵێی". دواتر شتێکی لە ڕادەبەدەر شوومی گوت.

**تامی:**

بەڵام درەنگ پێی دەزانیت. سور دەزانیت ژیانت بەفیڕۆ ڕۆشتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕاناکەیتە دەرەوە و بقیژێنیت. وەک ئەوە وایە کە یەکێک پێت بڵێ: "تۆ قەت نەژیاویت". ئێ لە هەموو بارێکدا شتێکی وەها ناگوترێت.

**ئەنێتا:**

ئەو دەڵێت،

**بیگیتا:**

من ئومێدێکم بە تۆ هەبوو.

**ئەنێتا:**

ئەو وا دەڵێت.

**سارا:**

من ئومێدێکم بە تۆ هەبوو.

**ئەنێتا:**

ئەو قسەیەش لێم دەدا. چونکە بەشێوەیەک لە شێوەکان هەر لەبەرئەوە بوو کە ویستم پێوەندییەکەمان بوەستێنین، ئاخر لە لای ئەوەوە هەستم بەهیچ شتێک نەدەکرد. دواجار لەسەر ئەوە ڕێککەوتین بچینە دەرەوە و بیرەیەک پێکەوە بخۆینەوە، هەڵبەتە بەبۆنەی ئەوەی مالئاوایی لە یەکتر دەکەین. ئینجا لەوێدا



هەموو ئەو شتانەم پێ دەڵێت کە دەبوایە زۆر زۆر لەوەوبەر پێی بگوتمایە. دەڵێت هەر لە یەکەم خەفەریاتمانەوە ئاشقت بووم. گوایە وتوومە "پەیامت بۆ دەنێرم"، بەڵام من لە یادم نییە کە شتی وام پێ گوتبێ. ئەو کاتە هێشتا تەلەفۆنی مۆبایل هێندە بچکۆلە و عەمەلی نەبوو. لەو سەردەمەدا "پەیامت بۆ دەنێرم" شتێکی زۆر تایبەتی بوو، زۆر ئارامبەخشبوو. وا بیرم دەکەوێتەوە کە پانتۆڵێکی کاوبۆ و "تی شێرت"ێکی خۆڵەمێشی لەبەردایە، جوتێ گۆرەوی سپی تێنسیشی لە پێدایە.

**کەمیلە:**

من دەیناسم.

**ئەنێتا:**

تۆش دکتۆریت؟

**کەمیلە:**

نا، نا، مەبەستم لە کابرای پیتزا فرۆشەکەیە. من ئەو دەناسم.

**ئەنێتا:**

بەڕاست؟

**کەمیلە:**

باسی تۆی کرد.

**ئەنێتا:**

وتی چی؟

**کەمیلە:**

وتی نایەتەوە یادم.

**ئەنێتا:**

وا بزانم بۆ ماوەی دوو سەعاتێکە پێکەوە دانیشتووین و قسە دەکەین. لەوە دەچێ شتێکی زیاتر ڕوو بدات، لە ڕاستیشدا زۆرم پێ خۆشە. بەڵام نازانم بەهۆی ئەو باوەڕە قۆڕەوەیە کە بەخۆمم هەیە یان بەهەر هۆیەکی ترەوەیە کە دەڵێم "زۆر سوپاس بۆ ئەم ئێوارەیە"، ئیدی ئەو بەرەو ماڵەوە دەکەوێتە ڕێ، منیش دەچم بۆ سینەما و تەماشای فیلمە نوێیەکەی "جیمس بۆند" دەکەم.

**کەمیلە:**

چیت لەبەردا بوو؟

**ئەنێتا:**

ئەوەم لە یاد نییە.

**کەمیلە:**

دەبێت لە هەڵبژاردنی جلوبەرگماندا زۆر زۆر وریابین. بۆ نموونە لەپێکردنی پێڵاوی پاژنەبەرز، کە پێچەوانەی مارکەی 'ئیکۆ'یە، شتێکە و پۆشینی جلێکی یەخەکراوە یان تەنک شتێکی ترە. بەو شێوەیە بەلایەنی کەمەوە دەتوانیت دڵنیابی لەوەی هیچ کەسێک قسەکانت بە جدی وەرناگرێت.

**ئەنێتا:**

بۆ ڕۆژی دواتر دەبوایە بۆ ئێوارەکەی بچوومایەتە سەر کار، بەڵام هەر سەرلەبەیانییەکەی یەکێک لە دکتۆرەکان تەلەفۆنم بۆ دەکات، سۆراخی ئەو لە من دەپرسێت، دەیەوێت بزانێت بینیومە یان نا. منیش لێی دەپرسم "بۆچی تەلەفون بۆ من



دەکەیت؟"، ڕێک لەو ساتەدا تێ دەگەم کە باسی منی بۆ ئەو هاوەڵەی کردووە، من دەمزانی کە برادەرێکی نزیکی خۆیەتی.

**تامی:**

لە ڕادەبەدەر بێزارم لە خۆم.

**سارا:**

ئەی لەو بارەیەوە بەتەمایت چی بکەیت؟

**تامی:**

بۆیاخی ژوری دانیشتنەکە دەکەمەوە و دەیگۆڕم بەسور.

**ئەنێتا:**

ئێ هەر ئەوە خۆی لە خۆیدا بورهانێکە و دەیسەلمێنێ کە ئەو هەروا دانەنیشتبوو تا بەنوزەنوز داوای لێبوردنم لێ بکات، بگرە کاتێک کە ئەو بیرەیەمان پێکەوە خواردەوە، هەموو وشەکانی بەجدی دەگوت. پێی دەڵێم "نازانم لە کوێیە"، ئینجا تەلەفونەکە دادەخەمەوە و ماتەمینییەک دام دەگرێت، نیگەرانی ئەوەم شتێکی بەسەردا هاتبێ.

**تامی:**

توخوا بەڕاستی پێم بڵێن. قەت حەزتان نەکردووە شتێکی سەیر یان ترسناک بکەن؟ ناچێت بە ئەقڵمدا هەر من وابم، بڵێیت هەر من وابم؟ بڵێی؟

**ئەنێتا:**

هەروەک شێتێک تەلەفون بۆ هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە بە خەیاڵمدا دێن، بەڵام کەس وەڵامم ناداتەوە. لە ناکاوێکدا ئەو برادەرەی لە دەرگەی ماڵەکەم دەدا و لە داڵانەکەدا پێم دەڵێ

تووشی ڕووداوێکی سەیارە بووە و ملی شکاوە. ئینجا دەڵێ "حەزدەکەیت کەمێک دڵنەواییت بدەمەوە؟"، ئیدی لەگەڵ هاوەڵەکەیدا دەچینە دەرەوە تا پێکەوە بیرەیەک بخۆینەوە و لە گەرمەی باسەکەماندا داوام لێ دەکات لەگەڵمدا بخەوێت. منیش پاڵێکی پێوەدەنێم و دەڵێم ببوورە، ببوورە، بەچیدا زانیت ئەو کەسەی کە باسی بۆ کردبوویت، من بووم؟

**کەمیلە:**

مەبەستت لە چییە؟

**ئەنێتا:**

ئەگەر منی لە یاد نەبووبێت.

**کەمیلە:**

ئێ لە هەموو بارێکدا هەندێ شت هەن کە لە بیر ناچنەوە.

**ئەنێتا:**

لە لای دەستشۆرەکەوە وەستاوم و دەگریم، دەرشێمەوە.

**سارا:**

نا، مەیکێشە بەسەرمدا، مەیکێشە بەسەرمدا.

(لێی دەدرێت)

**ئەنێتا:**

ئینجا شتێکی سەیر ڕوو دەدات. لە پڕێکدا وا هەست دەکەم لە ئاسماندا دانیشتووم و لەو سەرەوە تەماشای خۆم دەکەم.

**بیگیتا:**

سەیروسەمەرەیە، دەچمە ژورەکەوە و وا دێتە بەرچاوم کە بەتاڵە، بەهیچ شێوەیەک هەست ناکەم لەوێدام، دایکم چاوی



دەکاتەوە، چاوم تێ دەبڕێت و دەزانێ من لەوێدام، هەروەک ماسییەکی بچکۆلەی ناو حەوزێکی شوشە تەماشامان دەکات، دەنگێکی بچکۆلە لە دەمی دێتە دەرەوە؛ "بلووپ"... ئیتر دەمرێت.

**ئەنێتا:**

لە سەروخۆمەوە لە ئاسماندا دانیشتووم و لۆمەی خۆم دەکەم، ئاخر دەبوایەرێم پێبدایە لەگەڵمدا بهاتایەتەوە ماڵەوە، بەو شێوەیەش ڕەنگە تووشی ئەو ڕووداوە نەبووایە.

**سارا:**

ئێ ئەو پیاوەی کە من خۆشم ویست، خۆشی نەیدەزانی چی دەکات. من پیاوێکی قۆز، بەهرەمەند، تایبەت و خۆش مەعشەرم خۆشویست. بەڵام کەمێک دواتر لە شتەکان تێگەیشتم. یەکەم جار هەروا کەمێکی لێدام، جارناجارێکیش ڕێدەکەوت ئەو لە من زیاترێکی پێناخۆشبێت. (لێی دەدرێت)

**ئەنێتا:**

نابێ بمرێت، نابێ بمرێت. هەر نابێ بمرێت. هەرچەندە من خۆم سور دەزانم ئەوە باشترین شتە بۆ ئەو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێ، نابێ بمرێت. پاش چەند ڕۆژێک سەرلەنوێ چوومەوە سەر کار. لە یەکێک لە پشووەکاندا بڕیارم دا بچمە سەرەوە بۆ بەشی چاودێری ورد، ئەو لەوێ کەوتبوو. زۆر دەترسام بچمە ژورەکەیەوە. نیگەرانی ئەوەبووم نەمناسێتەوە. نەشمدەزانی بریندارییەکەی چەند سەختە. لە ڕاستیدا هیچ شتێکم نەدەزانی.

**تامی:**

من قەت لەو ژنانە تێ ناگەم و نازانم بۆ دەستبەرداری پیاوێک نابن کە لێیان دەدات. ئاخر من لە ناتوانم لەوەیان تێ بگەم و بەڕاستی هیچ عوزرێکیان نییە کە لەگەڵیاندا بمێننەوە. ئێ مێردەکانیان لێیان دەدەن، ئیتر هەر بیانوویەک بۆ مانەوەیان لەگەڵیاندا بهێننەوە قسەی قۆڕە.

**سارا:**

مێردەکەی من لەوانە نەبوو. ئەو خۆی خۆی نەبوو. ئەو لێی نەدەدام.

**کەمیلە:**

ئەی کەواتە کێ لێی دەدایت؟

**سارا:**

هەتا ئەو کاتەی دەرمانەکانی بخواردایە، ڕێک ئەو پیاوەبوو کە من دەمناسی و خۆشم دەویست. ئەو کاتەش هەموو شتێک بەرەولێژی ڕۆشت کە "کەی بی جی" و "سی ئای ئەی" بنکەی سەرەکییان لە مێشکیدا دامەزراند، ئیدی دەبوایە شەڕی لەگەڵ خۆیدا بکردایە. کە باسی ئەم شتانە دەکەم، قوڕگم دێشێ.

**کەمیلە:**

ئێ دە نەختێک ئاو بخۆرەوە.

**سارا:**

خۆی سەربڕی.

**تامی:**

کەواتە قامیشێک بەکار بهێنە.



**ئەنێتا:**

ئامێری هەناسەدانی دەستکردی پێوەبوو و زۆر بەباشی دەنگەکەیم دێتەوە یاد. دەنگی ئامێرەکە. لەرەی هەناسەکانی. لێفەیەکی سپییان پێدادابوو. بۆرییەکیشی بەدەمەوە بوو، بەو شێوەیەش تەنانەت ئەگەر بشیویستایە شتێک بڵێ، ئەوا هەر نەیدەتوانی. دەستێکم خستە سەر شانی. نەمزانی تا چ ئاستێک هەستم پێ دەکات، لەبەرئەوە دەستم بەرەو سەرەوە برد و خستمە سەر دەموچاوی.

**سارا:**

مەیکێشە بەسەرمدا، دەمکوژیت.

(لێی دەدرێت)

**ئەنێتا:**

ئینجا خەبەری بووەوە و لەو کاتەدا کە سەیری کردم، یەکسەر زانیم دەمناسێتەوە. ئەوە خۆشترین ساتی ژیانی من بوو. دنیایەک پلانم بۆ ژیانی ئەو کاتەمان دانا کە چاک دەبێتەوە. سەیربوو بەلامەوە کە هیچ بریندارییەکی پێوە دیارنەبوو. هەروا لەویادا ڕاکشابوو و هیچ شتێک بەڕووخسارییەوە دیارنەبوو. سییەکانی کونبووبوون و بەشی سەرەوەی ملیشی شکابوو. بڕبڕەی حەوتەمی ملی یان شەشەمی شکابوو. لە ڕاستیدا ڕووخساری هەر زۆر جوان بوو.

**سارا:**

بۆ هەمیشە گوێم لە دەنگی قاپقاپەکەی دەبێ کە بەر کەللەسەری مرۆڤێک دەکەوێ.

**ئەنێتا:**

بیر لەو کاتە دەکەمەوە کە لەو ئامێری هەناسەدانە دەستکردە دێتە دەرەوە و ئەو شتانە.. بیر لە چۆنیەتی ئەو ژیانە دەکەمەوە کە لەگەڵ دەستگیرانێکی کەمئەندامدا دەیبەمەسەر، بیر لە هەموو ئەو شتانە دەکەمەوە کە دواتر ڕوو دەدەن.. لەپڕێکدا وای بۆدەچم کە بتوانم لەگەڵیدا بمێنمەوە. لە ڕوویەکی عەمەلییەوە شتەکانم هەڵدەسەنگاند. بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر زەکەری هەڵسێت و ئیفلیجیش بێ، ئەو کاتە بە چ شێوەیەک بەسەرییەوە بجولێمەوە. یان ئەگەر زەکەری هەڵنەسێت و بتوانێت دەستێک یان قاچێکی بجولێنێت. یاخۆ بەس تەنیا بتوانێت زمانی بجولێنێت. بیرم لەو شتانە دەکردەوە.

**کەمیلە:**

دەڕۆمە دەرەوە و پێم وابێت کەسێک ئەکەم بەژێرەوە.

**ئەنێتا:**

شەوێکیان خەفەربووم، چوومە سەرەوە بۆ لای و ماچێکم کرد، هێشتا ئامێری هەناسەدانە دەستکردەکەی هەر پێوەبوو، بەڵام لە ڕاستیدا وەزعی باشترێک بوو. پاش چواردە ڕۆژ بۆڕی هەناسەدانەکەیان لە دەمییەوە گواستەوە بۆ قوڕگی تا بتوانێت قسە بکات. قسە.. زۆر زۆر بەسەختی چەند دەنگێک لە دەمییەوە دێتە دەرەوە و بەوە دەڵێن قسە. من خۆم بەحاڵ لێ یتێ دەگەم و ئەویش لە ڕادەبەدەر پەست و نائومێد دەبێ. توڕەشە. ناچارە بەسەختییەکی زۆرەوە هەناسە هەڵبمژێت. ئێ ئیتر بۆ خۆت بەتەنیا هەر قسە دەکەیت، هەر دەیلێیت و دەی



ڕێسیت، قسەی قۆڕ و حەلەق و مەلەق، تا ئەو کاتەی پێت نامێنێت، تا ئەو کاتەی چی دی وشەت پێ نامێنێت، تا ئەو کاتەی وشەت لێ دەبڕێت..

(ئەم شەش وتەیەی خوارەوە یەک بەدوای یەکدا دەگوترێن، بەشێوەیەک وەک ئەوەی باسی هەمان بابەت بکەن)

**کەمیلە:**

ئەم گووە قۆڕە چییە؟ ئەم شتە نەحلەتییە چییە؟ ئەم شتە نەحلەتییە چییە؟

**بیگیتا:**

ئازارت هەیە؟ دەتوانیت بجولێیتەوە؟ کەمێک میوەت بۆ نەهێنم؟

**ئەنێتا:**

تینوت نییە؟ دەتوانیت کتێبێک بەدەستتەوە بگریت؟ کەناڵی ڕادیۆکەت بۆ بگۆڕم یان پەنجەرەکەت بۆ بکەمەوە؟

**تامی:**

دەشتوانم "سی دی پلەیەر"ەکەی خۆم و چەند "سی دی"یەکی مۆسیقات بۆ بهێنم. حەز دەکەیت گوێ لە چی بگریت؟ مۆسیقای کلاسیک؟ ڕۆک؟ پۆپ؟ کلاسیک؟ چ کلاسیکێک؟ باخ؟ باشە، "سی دی"یەکی باخت بۆ دەدۆزمەوە. پێت وا نییە "گلین گۆڵد" باشترێک بێت؟ شتێک کە هێمنت بکاتەوە، نەک بتوروژێنێت. خۆشە لە پشتەوە گوێت لەو جۆرە ئاوازانە بێ.

**سارا:**

یان زیاتر پێتخۆشە سەیری تەلەفیزۆن بکەیت؟ ئەوە کۆنترۆڵەکە

کوا؟ بچم پێیان بڵێم چاکی بکەنەوە؟ ئەگەر شتێکت ویست، پێم بڵێ.

**کەمیلە:**

نا، ببوورە. بەردەوام پرسیارت لێ دەکەم تاڕێک ئەو شتە دەدۆزمەوە کە تۆ دەتەوێت. تەلەفیزۆنەکەت بۆ داگیرسێنم؟ ڕادیۆکە؟ 'سی دی پلەیەر"ەکە بهێنم؟ هەر حەزت لە هیچ شتێک نییە؟ هیچ شتێک نییە کە...

**ئەنێتا:**

وا بزانم لە ماوەی شەش مانگی ڕابووردوودا، سەرجەم ئەو وشانەی کە لێیان تێ دەگەم لە دە وشە تێ ناپەڕن.

**سارا:**

ئینجا دەستم کرد بەهونەری سیرامیک.

**ئەنێتا:**

لە بیری خۆتی بەرەوە. سەیرە گەشە بەزمانێک بدەیت کە بوونی نەبێ. وازی لێ بهێنە. زۆر بەئاسانی دەتوانێت بڵێ "وازی لێ بهێنە"، هەر ڕێک ئەو "وازی لێ بهێنە"یەش دەکرێت کۆمەڵێک مانای جیاواز ببەخشێت. کە خۆم دەخەمە ناو گێژاوی دوورودێژی "چیت – دەوێت – بەتەنیا – قسەت – بۆ – بکەم"، زۆر بەساکاری دەڵێ "وازی لێ بهێنە"، ئیتر لە پڕێکدا مانای ئەوەیە هەموو ئەو شتانە هیچ گرینگییەکیان نییە، تەنیا تۆ بەلامەوە گرینگیت. ئا بەو شێوەیە دەکرێت چەندەها مانای هەبێت، بۆ خەڵکانی دەرەوە نا، بگرە بۆ خۆمان. بۆ من و ئەو. وشەیەکی تریش کە زۆر بەڕوونی و ئاشکرا لە دەمییەوە دێتە



دەرەوە ئەوەیە کە دەڵێت..

**بیگیتا:**

سەکتەی دڵ.

**ئەنێتا:**

لەو ڕۆژەوە سەرهەڵدەدا کە دەچمە لای. دەوروبەری جەژنی لەدایکبوونی مەسیحە. لە تەنیشت جێگەی خەوەکەیەوە، دەسکەوانێک دانراوە. دەبینێ چەندە پەشۆکاوم، خەندەیەکم بۆ دەکات و دەڵێت..

**بیگیتا:**

سەکتەی دڵ.

**ئەنێتا:**

لێرەوە کۆمەڵێک کێشەی ئاڵۆز سەرهەڵدەدەن. جەڵتەی خوێن لە ڕیخۆڵەکانی دەدا و نەشتەرگەری بۆ دەکەن. هەروەها دەڵێن پێویستی بەئامێرێکە کە چالاکی و ترپەی دڵی بۆ ڕێک بخات.

**سارا:**

بێ گومان ئەوە یەکەم شت نەبوو کە من لەم ژیانەدا خەونم پێوە دەبینی. هونەری سیرامیک. یەکەم شت ئەوەبوو کە بکەومە ئەشقەوە و ئەوەش ڕووی دا، بەڵام لەو ئەشقەدا خۆمم ون کرد. هەتا زیاتر خۆشم دەویست، بەشێکی زیاتری خۆمم لەدەست دەدا.

**ئەنێتا:**

لە ناکاوێکدا هیچ ئومێدێک نەما.

**سارا:**

ئینجا دامەزرام و لە ناو ماڵەکاندا کۆمەکی ئەو کەسانەم دەکرد کە ناتوانن کاروباری ناوماڵ بەڕێوەبەرن.

**کەمیلە:**

ئەگەر بەتەنیا بەدەوری دارسنەوبەری جەژنی لەدایکبوونی مەسیحدا سەما بکەیت، ئەوا دەبێ بەخێراییەکی هەر زۆر لەحنەتی ڕابکەیت.

**ئەنێتا:**

خەتای منە. هەمووی خەتای منە. نەدەبوو ئەوەندە کەلەپوت بوومایە، دەبوایە لەگەڵمدا بهاتیتایەتەوە ماڵەوە و پێکەوە بخەوتینایە و لەوێ بمایتایەتەوە. ئەگەر هێندە زوو بەرەو ماڵی خۆتان لێت نەخوڕیبایە، ئەوا ڕەنگە بارانەکە بوەستایە، لەوانەیە ئەو کاتە زیاترێک ئاگات لە خۆت بوایە، ئاخر شتێکیشت خواردەوە... بەڵام ئەو زۆر بەساکاری سەری ڕادەوەشێنێ و دەڵێت..

**بیگیتا:**

سەکتەی دڵ.

**ئەنێتا:**

بەڵێ وایە. بۆشاییەکیش لە نێوان ئەو دوو وشەیەدایە. هەروەک ئەوەی تەلەگرامێکم بۆ هاتبێ.

**بیگیتا:**

سەکتەی دڵ.



**ئەنێتا:**

ڕۆژی دواتر مرد. هەرە بەرزترین خاڵی سوریالی پێوەندی نێوان من و ئەو، ڕۆژی ناشتنەکەیەتی. دەبێت لە نێوان هاوەڵەکانی تردا بوەستم. لە پشتی خێزانەکەیەوە. ژنەکەی و منداڵەکانی، ئەو خێزانەی کە هیچ شتێکی دەربارەیان بۆ من نەدرکاند. حەزدەکەم بقیژێنم و بڵێم ئەو کەسەی دەینێژن، خۆشەویستی منە، بقیژێنم و بڵێم مافی ئەوەتان نییە لێرەدا بن.

**کەمیلە:**

لە دووگۆڵیدا قاچم لەجێ چوو.

**ئەنێتا:**

تەنیا شتێک کە دەیکەم، دەچمە لای قەبرە دانەپۆشراوەکەیەوە، هەروەک ئەوانی تر. ئینجا دەنووسم..

**بیگیتا:**

سەکتەی دڵ.

**ئەنێتا:**

لەسەر پارچەیەک کاغەز دەینووسم و لەگەڵ چنگێک خۆڵدا فڕێی دەدەمە ناو قەبرەکەیەوە. زۆرم پێ خۆش بوو تاجە گوڵینەیەکی گەورەی بۆ دابنێم و لەسەر پەڕۆکەی ئەو وشانە بنووسم، بەڵام ئەوەیانم نەکرد. ئەو وشانەم لە پشتی پەیامێک نووسی کە پێشتر لە کاتە خۆشەکانماندا لەسەر پارچە کاغەزێک بۆی نووسیبووم. «بە ژان و میهرەبانییەکی زۆرەوە» ڕێک لەو ساتەدایە کە پارچە کاغەزە لولکراوەکەم فڕێ دەدەمە

ناو قەبرەکەوە، بۆم دەردەکەوێ کە ئەو تاکە ئەشقی ژیانمە.

**تامی:**

من قوربانییەکی دەستی خۆمم
بۆیە مادەی موخەدەر دەخۆم
ئەو کاتەش لاواز دەبم
کە بەڕاستی دەبێتە جێی داخ.

**ئەنێتا:**

ڕاست دەکەیت.

**تامی:**

لە چییدا؟

**ئەنێتا:**

تەحەمولی خودی خۆم ناکەم.

**کەمیلە:**

ئێ دەبرۆ جلەکانت بگۆڕە. من خۆم هەمیشە وا دەکەم. شتێک هەر دەگۆڕم. بۆ نموونە پانتۆڵ، تەنورە، شتێکی جوان و مۆدە. بەس چاکەت و پانتۆڵ نا. تەنیا شت کە من ڕقم لێیەتی، ئەو ئافرەتانەن کە نایانەوێت ئافرەت بن.

**بیگیتا:**

بۆچی تەحەمولی خۆت ناکەیت؟

**ئەنێتا:**

چونکە درۆیە. نە پارچە کاغەزی لولکراو و نە ژن و نە منداڵ بوونی هەیە. هیچ بەربەستێک نییە. تووشی ڕووداوێکی سەیارە



دەبێ و لە خەستەخانە دەکەوێت. ئینجا من بیر لەوە دەکەمەوە لەگەڵ دەستگیرانێکی کەمئەندامدا بژیم. یان کە بەو شێوەیە بیر لەو دەکەمەوە، بیر لە سێکس دەکەمەوە. ناشتوانم دان بەوەدا بنێم. ناتوانم. باشە، ڕەنگە ماوەی شەش مانگێک ئاگام لێی بێ، یان لەوانەیە کەمێک زیاتریش، بەڵام دواجار ئیتر لە تواناماندا نامێنێ. ئینجا هێدی هێدی یەکێکی تر دەناسم. کەواتە لە ڕاستیدا کەمتر و کەمتر دەیبینم. دواجاریش کۆتایی پێ دێت. وردە وردە تەواو دەبێت. چەند ساڵێک دواتر، هەر زۆر بەڕێکەوت هەواڵی مردنەکەیم بیست. ئی خۆ هیچ شتێک لە نێوانماندا نەبوو. هیچ شتێک لە نێوانماندا نەبوو، ئێ ئیتر بۆ بچم سەردانی بکەم؟

(بیگیتا لێ یدەدا)

***

## ۲- یاری منداڵان

**سارا:**

دڵمان خۆشە. ئای خوایە چەندە دڵمان خۆشە. لە ڕادەبەدەر ئاسوودەین. شەوانە پێکەوە پاڵدەکەوین و بەیەکتر دەڵێین؛ "تەنانەت لە سەرەتای خۆشەویستیشماندا هێندە بەختەوەر نەبووین"... بەڕاست، هەندێ شت هەیە دەمەوێت لەگەڵ خۆمدا بیانبەم.

**ئەنێتا:**

ئینجانەکان.

**بیگیتا:**

پەیکەرە هەیندییەکان.

**سارا:**

ئا ئەو بووکە پەرۆیینە بچکۆلەیەی سەر مێزی تەنیشت جێگەی خەوەکە.

**تامی:**

چەند ماجیکێک بۆ هێڵکاری.

**بیگیتا:**

زەرافەیەکی گەورە.

**کەمیلە:**

ئا ئەو ڕۆبەی کە دایکت بەدیاری پێی بەخشیم.

**ئەنێتا:**

ئا ئەو وێنەیەی کە لەسەر قەراخ ئاوەکەین و یەکتری ماچ دەکەین.

**سارا:**

دەرەوە هێواش هێواش تاریکتر و تاریکتر دەبێ. نازانم بۆ، بەڵام وام دەزانی دنیا زوتر تاریک دەبێ. نازانم بۆ. پێم دەڵێن نابێت لەسەر جێگەی خەوەکەت هەڵبستیت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر هەڵدەسم. چونکە دەبێ میز بکەم. "یۆنەس" دەستی گرتووم و بەدەم یەکەوە پێ دەکەنین، بەردەوام ماچم دەکات. وردە وردە خوێنێکی زۆرم لێ دەڕوا. نزیکی نیوەشەوە و دەمگەیەننە بەشی منداڵبوونی خەستەخانەکە. دیسانەوە لەوێشدا بەتەنیا دەمێنینەوە. من و یۆنەس. سەرلەنوێ ماچم



دەکاتەوە. گوێمان لە دەنگی قاپقاپەکانیانە کە بەداڵانەکەدا دێن و دەڕۆن. بەدەرلەوە، هەر من و ئەو و ئەو دەنگانەمان گوێ لێیە کە لە خۆمانەوە دێن. ئینجا مامانەکە دێتە ژورەوە و دەڵێت؛ ناتوانین هیچ شتێک بکەین. لە کاتی لەدایکبوونیاندا هێشتا لە ژیاندان، بەڵام دواتر دەمرن. هەروەها دەڵێ: هیچ هەوڵێک بۆ ڕزگارکردنیان نادەین.

**ئەنێتا:**

ئەگەر بزانم منداڵەکەم کەمئەندامی تەواویش دەبێت، هەر دەمەوێت. دەبێ تەحەمولی بکەیت. مێردەکەم دەڵێ: "تۆ شێتیت". شتێکی وا ژیانمان کاول دەکات. منیش لێی دەپرسم؛ ئێ، ئێ ئی؟ ئاخر ئەو خەیاڵی بۆ ئەوە ناچێت کە من دەمەوێت ژیانمان کاول بکەم، هەی کەر.

**سارا:**

وایان داناوە ئەمانیش لەسەر سیسەمێکی بچکۆلە پاڵبخەن، هەڵبەتە هەروەک دوو منداڵی تازە لەدایکبووی ئاسایی. من هێشتا هەر خۆم گرتووە و نەڕووخاوم. هەر گوێ دەگرم. نیوەشەوە درەنگانێک ژانێکی زۆر توند دەمگرێت. بەهیچ شێوەیەک چاوەڕوانی ژان نەبووم. وام دەزانی تەنیا لە کاتی منداڵبوونی ئاساییدا ژان دەتگرێت. بەڵام ئەگەر شتێک لەدەست بدەیت، دەبێت ئازارت بدا. دەبێت بەڕاستی ئازارت بدا. هێشتا یۆنەس هەر لێرەیە. دەستی گرتووم. دواتر دەینێرنە دەرەوە و لە ناکاوێکدا هەموو شتێک بەخێرایی تێ دەپەڕێت.

**ئەنێتا:**

هەر ئەوەندەی مێردەکەم هەست دەکات منداڵەکان بەلای منەوە لە ئەو گرینگترێکن، بەتەواوەتی لول دەبێت. هەر بەتەواوەتی لول دەبێت.

**بیگیتا:**

حەزدەکەم بیانکوژم.

**ئەنێتا:**

ئەو ئاوها دەڵێ، بەڵام قەت شتێکی وا ناکات. ئێ لە ڕاستیشدا هێندە زۆر خۆشی ناوێم. بەڵام دەچێ لە ژێرزەمینێکی ڕەشی وەک خەڵوزدا، بۆ خۆی پیش دەخواتەوە.

**سارا:**

نەخێر، دەستی یەکتریمان گرتووە و لەپڕێکدا هەست دەکەم شتێک دێت، یۆنەس دەردەپەڕێتە دەرەوە و مامانەکە دێتە ژورەوە، کچێکی بچکۆلە هاتووەتە دەرەوە و لە ڕاستیدا ڕێک لەو کاتەدا کە لە دایک دەبێ، من بەتەنیام. ناوی دەنێین "مێتا". من خۆشم ئەو ناوەم هەیە. کەمێک دواتر کوڕێکی بچکۆلە لە دایک دەبێ و ناوی دەنێین یۆنەس، یۆنەسی بچکۆلە، هەر لەسەر ناوی مێردەکەم. ئینجا یۆنەسی گەورە بەتەواوەتی دەڕووخێت، بەکوڵ دەگری، بەڵام من بەهیچ شێوەیەک هەستم ناجوڵێ.

**بیگیتا:**

نامەوێ بیان بینم. نامەوێت بیانبینم.



**تامی:**

ئەگەر بەتەنیا بەدەوری دارسنەوبەری جەژنی لەدایکبوونی مەسیحدا سەما بکەیت، ئەوا دەبێت بەخێراییەکی هەر زۆر لەحنەتی ڕابکەیت.

**سارا:**

دکتۆرێک دێتە ژورەوە و دەمپشکنێ، ئینجا بەدەنگێکی نەرم قسەم لەگەڵدا دەکات، ئارامم دەکاتەوە. هەر بەقسە نەرمم دەکات، چونکە بەڕاستی نامەوێت بیانبینم. هەر قسەم بۆ دەکات و قسەم بۆ دەکات، دەڵێ: "بەڕاستی دیمەنێکی جوانە، هەر لە دوو منداڵی ئاسایی لەش ساغ و زیندوو دەچن. بێ گومان دەبێ بیانبینیت، ئێ ئەوانیش هەقی خۆیانە کە دایکیان ببینن".

**کەمیلە:**

هەر کە خستیانە سەر سنگم، نیگایەکمان گرتە یەکتری.

**سارا:**

قەناعەت دەکەم بیانبینم، ئەو قسەیەی زۆر کاریگەری لێ کردم کە وتی 'ئەوانیش هەقی خۆیانە دایکیان ببینن". سەیریان دەکەم. لەسەر جێگەی خەوەکە پاڵکەوتوون و خاولییەکیان تێوەپێچاون، پەنجەی دەست و قاچیان دەژمێرم، تا دڵنیابم کە هەریەکەو دە پەنجەیان هەیە.

**بیگیتا:**

چەندە گەورەن؟

**سارا:**

هێندەی دەستێک دەبن.

**بیگیتا:**

ئاخر دەستێکی چەندە گەورە؟ وەک دەستی من؟ دەستی خۆت؟ دەستی ئەو؟ یان دەستی ئەو؟

**سارا:**

وەک دەستی هیچمان.

**بیگیتا:**

هیچ شتێکیان پێوە دیارە؟

**سارا:**

بەدەستیانەوە؟

**بیگیتا:**

بەمنداڵەکانەوە. دەست و قاچیان نوقسانە؟

**سارا:**

هیچ شتێکیان پێوە دیار نییە. هەر ڕێک وەک منداڵی ئاسایین.

**بیگیتا:**

ئێ خۆ دەبێت شتێکیان پێوە دیاربێ؟.

**سارا:**

شین.

**بیگیتا:**

شین؟.



**سارا:**

منداڵەکان. مێتا و یۆنەس. شین شین.

**بیگیتا:**

شین؟ چۆن شین؟

**تامی:**

ئێ دە دەمت داخە ئیتر.

**ئەنێتا:**

ناتەوێت ماڵئاوایی لە منداڵەکانت بکەیت؟..

**سارا:**

سستەرەکە ئەو پرسیارەی لێ کردم و منیش لە وەڵامدا وتم "نەخێر، نامەوێت بیانبینمەوە، ئێستا ئەوان لەسەر ئەستێرەیەکن، لەو سەرەوە برا بچکۆلەکەی "یۆنەس"یشی لێیە، ئەو لە تەمەنی هەژدا ساڵیدا بەئاگر گیانی لەدەست دا. ئەو ئەستێرەیە هی ئەوانە و نابێ تێکەڵیان ببین.

**کەمیلە:**

دواتر لەسەر فەرشەکە ڕاکشام، تەماشای ئەو هەورانەم دەکرد کە لە بەرچاومدا تێ دەپەڕین. بەڵام لەپڕێکدا گەڕامەوە. لە وێنەیەکی ناوەوەمدا هەست بەزەکەری باوکم دەکەم کە خستویەتییە ناو دەممەوە، هەتا قورگمی بردووە. ئیتر لە ناکاودا هەموو شتێکم بۆ ڕوون دەبێتەوە.

**سارا:**

بەتەنیا پاڵکەوتووم و نازانم یۆنەس لە کوێیە، لە ڕاستیشدا

هیچ بۆم مەبەست نییە. لە دڵی خۆمدا دەڵێم "تازە هەرگیز ناتوانم لەم میحنەتە دەربچم، ئەمە ماڵئاواییکردنیشە لە ژیان. ئەمە سزایەکی ترە و دەبێ بیچێژم، چونکە من بەکەڵکی هیچ شتێک نایەم، هەرلەبەر ئەوەشبوو کە نەمتوانی ببمە دایک. سەرتاپای ژیانم تەنیا شکستە و بەس".

**بیگیتا:**

خانویەکمان لە ناوچەی "هونەستید" هەیە. خانویەکی دارینە و باخێکی گەورەی دێرینی تێدایە، پڕە لە درەختی گەورە گەورە. کوڕەکەم، کە لە من و مێردە کۆنەکەمە، ئەمڕۆ هەژدەساڵ پڕ دەکاتەوە و ڕۆژی لەدایکبوونیەتی. هەموومان لەوێین، مێردە تازەکەم و مێردە کۆنەکەم و ژنەکەی و دوو منداڵە بچکۆلەکەشیان، دایک و باوکی خۆم و هەندێ دەرودراوسێش. لە باخەکە دانیشتووین و نان دەخۆین، دنیا خۆشە و خۆرەتاوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەرم نییە، چونکە کەمێک بای هەیە، ئاوها ڕۆژێکە لە ڕۆژە خۆش و ئاساییەکانی هاوینی دانیمارکی.

**کەمیلە:**

ئەو فەرشەی لەسەری پاڵکەوتووم، سەوز و سپییە، فەرشێکی ئەستور و پڕە.

**بیگیتا:**

ئینجا کوڕەکەم هەڵدەسێتە سەرپێ، هەڵدەسێت و دەڵێ: دەچم جگەرەیەک دەکێشم"، کەس بیر لە قسەکەی ناکاتەوە، بەڵام دواتر بەلامەوە سەیربوو کە لە دەرەوە بیت و بۆ جگەرە



کێشانێک بڕۆیتە ئەولاوە. بەهەرحاڵ وەک هەمیشە، پاش ئەوەی ڕووداوێک ڕوو دەدا، ئینجا زیاترێکمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کوڕەکەم هەڵدەسێت و دەڕوات، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە دواهەمین جارە کە دەیبینم، بەڵێ، دواهەمین جارە، چونکە کە دواتر دۆزییانەوە، نەیانهێشت بیبینم.

**ئەنێتا:**

هەتا خۆم نەبووم بەدایک، نەمزانی بۆچی لە دایک بووم.

**تامی:**

قەت نەمویستووە منداڵم ببێ.

**بیگیتا:**

بۆ نا؟

**تامی:**

چونکە تەنیا گووم هەیە کە پێشکێشیان بکەم، ئەێ گوویەکی زۆروزەبەنەش لە جیهاندا هەیە.

**بیگیتا:**

کوڕەکەم چووبوو لە ناو سەیارەی مێردە کۆنەکەمدا دانیشتبوو، بەنزینێکی باشی کردبوو بە ناو سەیارەکەدا و ئینجا جگەرەیەکی داگیرساندبوو. ئێ وابوو، هەر بەڕاستی چوو لەولاوە جگەرەیەک بکێشێت.

**سارا:**

دایکیشم دێت و دەگری و دەگری و دەگری و منیش پێی دەڵێم "بۆچی دەگریت هەی قەحبە..

**بیگیتا:**

بڵێ خۆشم دەوێیت..

**سارا:**

تۆ هەمیشە دەگریت، بەسە ئیتر بەشی خۆت گریاویت، کە منداڵبووم و لێت تورە دەبووم، یەکسەر دەگریایت تا بەرگری لە خۆت بکەیت لە بەرامبەر..

**تامی:**

مێتا؟ مێتا؟

**سارا:**

ئاە چ جۆرە لاوازییەکی قۆڕ و بێ مانایە. ئینجا لێی دەپرسم: "دەتەوێت مێتا و یۆنەس ببینیت؟" لە پێشدا وا دەزانێ مەبەستم لە خۆم و یۆنەسی مێردمە، دواتر بۆی دەردەکەوێت کە مەبەستم لە منداڵەکانە و دەڵێ: "نا، سوپاس"، نایەوێت بیانبینێت و بۆ ساتێک لە ڕێی ڕووخسارییەوە دەبینم لەبەرئەوە نایەوێت بیانبینێت چونکە قێزیان لێ دەکاتەوە، قەت قەت ئەوەیم لە بیر ناچێتەوە. قەت.

**کەمیلە:**

لە ڕاستیدا نیگای کوڕەکە نییە کە لە یادمە، بگرە نیگای نێوان من و مێردەکەمە. ئەو نیگایەیە کە لەگەڵ یەکدیدا گۆڕیمانەوە، ڕێک لەو کاتەدا کە خستیانە سەر سنگم. یەکەم جار تەماشای یەکترمان کرد، ئینجا منداڵەکە. لە ڕاستیدا ئەو نیگایە لە منداڵەکە گرینگتربوو. لەوەبەدواوە ئیتر هەردووکمان بە



جدیمان بوو، بڕوامان بەداهاتوو و هەموو ئەو شتانە بوو.

**سارا:**

دێمەوە ماڵەوە و هەموو شتێک لە بەرچاوم دا تێک چووە، بەڵام ناتوانم بگریم، نازانم بۆ، بەڵام ناتوانم بگریم، تەنیا شتێک کە بیری لێ دەکەمەوە ئەوەیە کە دەمەوێت لەگەڵیاندابم، لەگەڵ منداڵەکاندا، ئەوانیش لە خەستەخانەکەن، من وای مەزەنە دەکەم و دەمەوێت بڕۆمەوە لایان، بەچەندین شێوە خۆم نەخۆش دەخەم، پەنجەیەکم دەبڕم، توشی تەنگەنەفەسی و نەخۆشی پێست و هەموو شتێک دەبم..

**بیگیتا:**

ئێ کەواتە بڕۆ بمرە.

**سارا:**

بەردەوام لە بەشی فریاگوزاری خەستەخانەکە کەوتووم، هەتا ڕۆژێکیان سیستەرێک کۆتایی بەو حاڵەتە دێنێ، دێتە لامەوە و پێم دەڵێت..

**ئەنێتا:**

چی دی لێرە نین. منداڵەکانت چی دی لێرە نین.

**سارا:**

من خۆشم ئەوە دەزانم و دەشزانم مانای چییە؛ واتە منداڵەکانم لەگەڵ دەست و قاچی بڕدراو و پاشەڕۆکی خواردن و خۆڵ و خاشاکدا فڕێدراون.

(بیگیتا دەگری)

**سارا:**

ئەوەیان دەنگی چی بوو؟

**بیگیتا:**

منداڵێک کە دەگری.

**سارا:**

دەیانبینم، مێتا و یۆنەس دەبینم، دەیانبینم فڕێیان دەدەنە ناو تەشتێکەوە کە قاچ و دەستی تێدایە، ئەو کیسەڕەشە گەورەیەش دەبینیم کە ملەکەی بەدەوری بەرمیلێکی خۆڵەمێشیدا هاتووەتە خوارەوە، ئیدی بەتەواوەتی لەتوپەت دەبم، چونکە هەردووکیان سەیرم دەکەن، مێتا و یۆنەس سەیرم دەکەن، چاوەکانیان دەچەقنە ناخمەوە.

**تامی:**

مێتا؟ مێتا؟

**ئەنێتا:**

لە ژێرزەمینەکەدا دەستی دەخاتە سەر دەمم. لەو ژێرزەمینانەیە کە پڕە لە ژووری بچکۆلە بچکۆلە و بەدیواری شیشبەند لە یەکتری جودا کراونەتەوە. من لە نێوان هەردوو قاچیدا دانیشتووم و هێندە نابێ زەکەری ڕەپ کردووە، زۆر بەئاسانی گرتوومی، چونکە من بچکۆلەم و تەمەنم تەنیا نۆ ساڵە، مۆمێکی بچکۆلە داگیرساوە و فویەکی لێ دەکات..

**تامی:**

مێتا؟



**ئەنێتا:**

چونکە لە پڕێکدا یەکێک بەدالانەکەدا دەڕوات. هەردووکمان بەتەواوەتی بێدەنگ دەبین و سروەمان لێوەنایەت، گوێ لە تەپەی پێکانی دەگرین و لەهەموو شتێک سەیرتریش ئەوەیە منیش وەک ئەو لەوە دەترسم کە پێم بزانن.

(تامی فیکە لێ دەدا)

**ئەنێتا:**

ئەو ژنەی کە دێتە ژوورەوە، فیکە لێ دەدات. بەدەنگی فیکەکەیدا دەزانم دایکمە و بەچرپە پێی دەڵێم "ئەوە دایکمە"، لە شیشی دیوارەکە دوورم دەخاتەوە، ڕووناکی دالانەکە بەشێوەی خەت خەت دێتە ژورەوە، خۆم و خۆی دەنوسێنێت بەدیوارەکەوە و هەست بەزەکەری دەکەم کە بەڕەپکراوی لە پشتمی چەقاندووە. دەنگی هەنگاوەکان نزیکترێک دەبێتەوە و ئەویش توندترێک دەستی لەسەر دەمم دادەگرێت، خەریکە بخنکێم و وا بزانم ئەویش هەست بەوە دەکات، چونکە بۆشاییەکی بچکۆلە دەخاتە نێوان پەنجەکانییەوە، کتومت ئەوەندەی کە بتوانم هەناسە بدەم، بۆ چرکەیەک هەست بەخۆشییەکی سەیر و نائاسایی دەکەم، دایکم بەبەردەم ئەو ژورەدا تێ دەپەڕێت کە ئێمەی تێداین و خۆیدەکات بەژورەکەی خۆماندا، شتێکی پێیە و لەوێ دای دەنێت، زۆر بەڕوونی گوێمان لێیە کە دەرگەکە بەکلیل دەکاتەوە و دەچێتە ژورەوە، ماوەیەکی یەکجار زۆر تێ دەپەڕێت، ئینجا دەرگەکە دادەخاتەوە و دەگەڕێتەوە. ئێمەش بەتەواوەتی بێدەنگین، تا هەستمان پێ نەکات. حەزدەکەم

بقـــيــــژێنم، بەڵام ناتوانم. لەپڕێکدا لە بەردەم ئەو ژورەدا دەوەستێت کە ئێمەی لە ناودایین.

**کەمیلە:**

ئەگــەر من تۆ بوومــایە، دەچوومــە دەرەوە و یەکــێکم دەکــرد بەژێرەوە.

**ئەنێتا:**

نازانم، ڕەنگە بۆنی مۆمەکە بکات، یان هەست بەشتێک بکات، ڕەنگە. من لە نێوان شیشەکانەوە دەیبینم. لەسەر نوکی پەنجە وەستاوە و دەستی خستووەتە سەر ناوچەوانی تا بەر لەو ڕووناکییە بگریت کە لێی دەدات. سەری بەرز دەکاتەوە و چاوێک بە ژێرزەمینەکەدا دەخشێنێ.

**تامی:**

مێتا؟

**ئەنێتا:**

چاوی دەبینم، بەڕاستی چاوی دەبینم و دڵنیاشم ئەگەر من ئەو ببینم، ئەوا ئەویش من دەبینێت. دایکمم دەوێت، بەڵام ئەو بەپەلە بۆی دەردەچێ. دەستی لەسەر دەمم لادەبات تا هەناسە بدەم. ئینجا دەگریم، بەڵام داوام لێ دەکات کە بێدەنگ ببم، ئێ خۆشم ئەوە دەزانم، ئینجا خۆیم بەسەردا دەچەمێنێتەوە و سوارم دەبێت، منیش هەر دەگریم و هەر دەگریم.

**تامی:**

فرمێسک سوێرە



خوێن تاڵە،

سپێرم سارد و شێدارە.

**سارا:**

سەیرم بکەن! سەیرم بکەن! سەیرم بکەن!

(هەموویان سەیری دەکەن)

**سارا:**

قسەم لەگەڵ ژنە قەشەیەکیشدا کرد و بیرمە وتی...

**بیگیتا:**

خودا ئەو کەسانەش دەدۆزێتەوە کە لە قوڵترین دەریادا نغرۆ بوون. لەهەر شوێنێکدا بن دەیاندۆزێتەوە. خوا ئوستازە لە دۆزینەوەی خەڵکدا. کەواتە دەتوانێ تۆ و یۆنەس و مێتا و یۆنەسیش بدۆزێتەوە.

**سارا:**

هەر پاش تەواوبوونی ڕێوڕەسمی پرسەکەیان، دەگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە و لە باخچەکەماندا دوو دەوەن دەسوتێنین، لە ڕاستیدا سەرشانم سوک دەبێ، چونکە دەزانم لەوە بەدواوە خوا ئاگای لێیان دەبێت، ئێستاکە ئیتر خوا ئاگەی لێیانە. ئیدی هێدی هێدی بەرچاوم ڕوون دەبێتەوە، بەڵام وا دەمەوێت بەرەو سۆپەرمارکێتێک بڕۆم تا کاهو بکڕم و لەپڕێکدا فرمێسک بەچاومدا دێتەخوارەوە، چونکە لە ڕادیۆوە گوێم لە گۆرانی "ئا ئێستا بیر لە تۆ دەکەمەوە.." دەبێ، ئیدی بەدەست خۆم نییە و فرمێسکەکان خۆیان بۆ خۆیان دێنە خوارەوە.

**تامی:**

کە من گوێ لە مۆسیقا دەگرم، تەنیا گوێ بۆ ئاوازژەنی پیاو شل دەکەم. ئاخر ژن و مۆسیقایان نەگوتووە.

**سارا:**

دوو شتی گرینگی تریش ڕوو دەدەن. یەکەمیان ئەوەیە کە سەردانێکی دایک و باوکم دەکەم. ئەوان بەردەوام تەلەفونیان بۆ دەکردم، چونکە نیگەرانی ئەوەبوون کە من بەباشی کارەکەم لە باخچەی ساوایاندا ناکەم. بەسەیارە دەچم بۆ لایان و پێیان دەڵێم: "دەمەوێت شتێکتان پیشان بدەم"، ڕۆژی یەکشەممەیە، دانیشتوون و کەمێک بێ تاقەت دیارن..

**بیگیتا:**

بڵێ خۆشم دەوێیت...

**سارا:**

هەموو جارێک کە میوانێکی چاوەڕواننەکراو ڕوویان تێ دەکات، یەکسەر جۆش و خرۆشێکی سەیریان تێ دەکەوێت. لەسەر مێزی نانخواردنەکە دانیشتووین و زۆر بەپەرۆشن، دەیانەوێت بزانن چ شتێکیان نیشان دەدەم، منیش وێنەکان دەردەهێنم و پیشانیان دەدەم. ئەو وێنانەی "مێتا" و "یۆنەس"یان دەخەمە بەردەم کە لە خەستەخانەکە گرتبوویان. لە ڕاستیدا ئەوەیان تەنیا شتە لەسەرتاپای ئەم باسەدا کە بێ تاقەتم دەکات. لە کاتی وێنەگرتنی منداڵەکاندا هەڵەیەکیان کردووە. دەموچاویان دیارە، بەڵام خوێن بەبەتانییەکەوەیە. زۆر حەزدەکەم ئەو خوێنە لاببرێت، تا هەموو کەسێک بزانێت چەندە



جوانن. ئێستاش ئەو خوێنە دەمخاتە گریان، بەڵام خۆ ڕەنگە لاببرێت. لەوانەیە بەشێوەیەک لە شێوەکان بکرێت ئەو خوێنە بسڕدرێتەوە، ئێ ئێستاکە وەک جاران نەماوە و زۆر شت دەکرێت... ئینجا باوکم. پێم ناخۆشە کە وای بەسەرداهات. پەشیمانم.

**کەمیلە:**

لەپڕێکدا بۆم دەرکەوت کە ئەوە خەونێک بووە و من دیومە. من قەت زەکەری باوکمم لە دەمدا نەبووە. ئەوەیان شتێک بوو کە من لە خەیاڵمدا دام ڕشتبوو. ئیدی ژیانم بەتەواوەتی ورد وخاش دەبێ.

**ئەنێتا:**

وە لەپڕێکدا فریشتەکەی خۆشت دەبینیت، ئەو فریشتەیەی کە دەتپارێزێت. شتێکی هەر زۆر گونجاوە و لەو کاتەوە هەر بەدواتەوەیە. هەموو شتێکت بۆ ڕوون دەکاتەوە، ئای چەندە بەحەوسەڵە و نەفەسدرێژە، ئای چەند بەدڵ گوێت بۆ شل دەکات. تۆ بیرت لە شتێکی تریش کردووەتە؟ تەنیا ئەو شتانە دەڵێت کە تۆ حەزت لێیانە.

**سارا:**

باوکم بەردەوام هەر نوزەیدێت، هەر دەڵێیت گیاندارێکی بچکۆلەیە، لەسەر عەرزەکە خۆی گرمۆڵە دەکات و دەگری، دەناڵێنێ، دەنوزێنێ..

**بیگیتا:**

دەمەوێت بێمە ناو ئەم ژیانەوە.

**سارا:**

باوکم بەهیچ شتێک ژیر نابێتەوە، لە دایکم زیاترێک دەگری، من قەت لەوەو پێش باوکمم بەو شێوەیە نەدیووە.

**تامی:**

پێم خۆشە دێڕە شیعرێکی بچکۆلەی خۆمتان بۆ بخوێنمەوە. لە ڕاستیدا من لە ناوەندی چارەسەرکردنی دەروونیدا کەسێکی ناسراوم. کۆمەڵێک دکتۆر و دکتۆری دەروونناسیش شیعرەکانی من بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکانیان بەکاردەهێنن. لەبەرئەوە ئەگەر شیعرەکانی منتان بەخەڵکی تر گوت، پێم خۆشە هەقدەستی خۆم وەربگرم. ئەمەش دێڕە شیعرەکەیە و لە ڕاستیدا یارمەتی کۆمەڵێک خەڵکی زۆر زۆری داوە؛

زەکەرت لە ناو دەممدا،

ڕۆحم زۆر ئاسوودە دەکا!

**سارا:**

شتە گرینگەکەی تریش ئەوەیە کە پاش ساڵ و نیوێک منداڵێکی ترم بوو.

**بیگیتا:**

چی دی نامەوێت گوێت بۆ شل بکەم. هەست دەکەم ئەم وردەکارییە سەختانەی تۆ ئیستیغلالم دەکەن. هەموو شتێک هەر دەربارەی تۆیە. هیچ شتێک دەربارەی من ناگوترێ. دەڵێ هەر بوونم نییە. دەمێکە ئەو هەستەم لا دروست بووە. خوات لەگەڵ و بەهیوای دیدار، کچی باش.



**سارا:**

کوڕێکمان بوو و ناوی ئەویشمان نا "یۆنەس"، بە "مێتا" و 'یۆنەس"ەکەی تر دەڵێم ئێستاکە "یۆنەس" لەسەر عەرزە، بەڵام نەختێکی تر دێتە سەرەوە بۆ لاتان و یاریتان لەگەڵدا دەکات.

**کەمیلە:**

چەند خەمگینە.

**ئەنێتا:**

ڕادیۆی شەوان.

***

## ٤- کەسە نەبینراوەکان

**تامی:**

پێم وابێ ژیانم کەمێک ناخۆش بووە. ساڵانێکی زۆرە ئاوهایە و لە ڕاستیشدا هیچ زیانێکی وای نییە. من خۆم گەنجترێک دیارم. دەزانم. بەڕوواڵەت گەنجترم و کەس نازانێ تەمەنی ڕاستەقینەم چەندە. لە ڕاستیشدا ژیانم قەت گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە. لایەنی کەم من خۆم هیچ جیاوازییەک لە نێوان سەردەمی منداڵی و گەنجی و ئێستامدا نابینم. هەستیش دەکەم گەنجم. هەرچەندە بەتەواوەتی لەو بڕوایەدام کە نابێ زیاد لە ڕادە ئەو ڕۆڵە ببینین. ڕۆڵی گەنجێتی. هەندێ شت هەن کە نایانکەم، هەندێ شوێن هەیە کە پێیان تێ ناخەم و هەندی شوێنی ڕووناکیش هەیە کە خۆمی تێدا دەرناخەم. ئاگەم لە خۆمە و خۆم دەپارێزم. بەڵام ئەو حاڵەتی نەگۆڕانە

لەوانەیە پێوەندییەکی بەوەوە هەبێت کە من و مێردەکەم نامانەوێت منداڵمان ببێت. منداڵان خراپترین پێوەری کاتن.

**کەمیلە:**

ئێ ئیتر لە ناکاوێکدا "کاتی بڕیاردان"ە و سوریش دەزانیت کە هەر دێتە پێشەوە، ئینجا بەو شێوەیە و بەو چاوانە تەماشایەکی چواردەورەکەت دەکەیت، خۆ هەر دەبێ لە کاتێکدا ڕوو بدات، چونکە زۆر باش دەزانیت کە تەمەن تێ دەپەڕێت و هەر دەبێت ئەوەش ڕوو بدا، ئەو کاتە ڕەنگە کەمترێک ڕەخنە بگریت، یان پێ دەچێت زۆر بەساکاری چاوەکانت وەک پێشتر باش نەبینن، یاخۆ ئەوەتا نائومێدیت و بەشێوەیەک لە شێوەکان کەسێک دەدۆزیتەوە کە ڕەنگە هەر ساڵێک لەوەوبەر نەچووبیت بەلایدا، بەڵام لە ناکاوێکدا ئەو هەڵدەبژێریت تا باقی ژیانتی لەگەڵدا بەسەربەریت. لەپڕێکیشدا کەسێک هاوار دەکات و دەڵێ "دایە".

**تامی:**

بەڵام دڵنیام بەهۆی ئەوەشەوەیە کە من قەت نەمتوانیوە ئەو پەرۆشییە گەورەیە کۆ بکەمەوە کە بەرامبەر ئەو شتە دەوەستێتەوە کە پێی دەڵێن ژیان.ڕەنگە لەبەرئەوەش بووبێت کە من هەرگیز هیچ شتێکم نوقسان نەبووە. من بەردەوام پارەم هەبووە و هەر بەڕاستیش خەونیشم بەهیچ شتێکەوە نەبینیوە. من هەمیشە وابووم. نەخێر، ژیانی من قەت گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە. ڕەنگە بەرەو خراپتر ڕۆشتبێ، بەڵام لە بنەڕەتدا هیچ نەگۆڕاوە. هەر لە سەرەتاوە بێ ئومێد دەستی پێ کرد و بەهەمان ئەو شێوەیەش بەردەوام بوو.



**سارا:**

دە بیڵێ!

**کەمیلە:**

چی بڵێم؟

**سارا:**

بڵێ کە منت خۆشدەوێت.

**تامی:**

یەکێک بوو لەو ئێوارە بێشومارانەی کە بەڕێوەبووین بەرەو ئاهەنگێکی کۆکتێل خواردنەوە. ئەو بەیانییە بیرم لەو شتە چەسپیو و نەگۆڕە مەزنە دەکردەوە. نازانم بۆ، بەڵام بەڕاستی بیرم لێ دەکردەوە. کەچی کە دەگەینە ئەوێ دەست دەکەینەوە بەقسەی قۆڕ و بێ مانا، دەڵێین..

(ئەم چوار وتەیەی خوارەوە پێوەستی یەکن)

**ئەنێتا:**

ئەم کاتەتان باش ژنە جوانەکان! ئاساییە ئەگەر تەوالێتی ژنان بەکار بهێنم؟ بۆیە ئەو پرسیارە دەکەم چونکە من کاتی خۆی پیاو بووم. هەر پاش نەشتەرگەرییەکەم وەک ئافرەتێکی "لێزبیەن lesbian" خۆم نیشانی هەموو کەسێک دا. هەروەک چۆن ژنێک تەماشای ژنێکی تر دەکات، منیش ئاوها تەماشای ژن دەکەم. من وەک پیاو چاویان تێ نابڕم. پەیمانتان دەدەمێ.

**سارا:**

هەر لە کۆمۆدەیەکی کۆن دەچم. شێیەکی باشیش لێی داوم و چەکمەجەکانم ناکرێنەوە.

**ئەنێتا:**

هەمیشە لاواز بووم بەرامبەر ئەو ئافرەتە تەمەن مامناوەندییانەی کە پێڵاوی کەشخە لەپێ دەکەن.

**کەمیلە:**

مێردەکەم لەگەڵ کچێکی گەنجتردا بۆی دەرچوو. تا ئێستا دەرفەتم بۆ نەڕەخساوە سوپاسی ئەو کچە بکەم.

**تامی:**

ماڵەکە مەسعەدێکی تێدایە. ڤێلایە، بەڵام مەسعەدی تایبەتی خۆی هەیە. ژمارەی ئەو ڤێلایانەی لە دانیمارکدا مەسعەدی تایبەتی خۆیان هەیە، زۆر کەمن، بەڵام لەمەیاندا هەیە. لە قاتی خوارەوە، چێشتخانەیەکی کراوەی تێدایە.. بەڕاست، ڕقم لە چێشتخانەی کراوەیە. لە قاتی یەکەمیشدا باڕ و هۆڵی سەمای تێدایە. لەوەوپێش سەرنجم چووبووە سەری. مەبەستم لە یەکێک لە بۆیەکانە. کوڕێکی گەنجی سەرنجڕاکێشە. قۆز. خۆش. ئەویش منی بینیبوو. هەستم دەکرد کەمێک نازم بکێشێ. ئێ وەک دەزانن لەم تەمەنەی مندا ئەگەر ببینرێیت، ئەو هەستەت لا دروست دەبێت.

(ڕووناکی نامێنێت. بەتەواوەتی تاریک دەبێ)

**کەمیلە:**

کارەبا نەما.

**سارا:**

ئێ وایە ڕاستە.



**کەمیلە:**

نا، مەبەستم لەوەیە باوی نەما، باوی گڵۆپی کارەبایی نەما.

**تامی:**

لەم تەمەنەی مندا تا ڕادەیەک کەسێکی نەبینراویت. خەڵکانێکی زۆر ئەمە نازانن، بەڵام بەشێکی گەورەی دانیشتوانی ئەم وڵاتە نەبینراون. تەنیا ئەو کاتانە دەبینرێین کە لە ڕێگەوبانەکاندا کێشەیەک دەنێینەوە.

**ئەنێتا:**

هەموو کەسێک نەناسراو و شاراوەیە.

**تامی:**

ئەوەیان باسێکی ترە. بەهەرحاڵ، دەرەنگانێکی ئەو ئێوارەیە هەموو شتێک ڕوونتر بووەوە. خەڵکی سەرخۆشبوون و چی دی ئاگەیان لە خۆیان نییە، گڵۆپ و ڕووناکییەکانیش بەشێوەیەک لە شێوەکان جوانترێک دێنە بەرچاو. ئێ لەپڕێکدا بۆیە بچکۆلەکەم لە بەردەممدا دەوەستێت. هیچ ناڵێت. تەنانەت نازانم ناویشی چییە. تا ئێستاش نازانم ناوی چییە.

**کەمیلە:**

دەبوایە چ شتێکم بگوتایە؟

**سارا:**

دەبوایە بڵێیت کە خۆشم دەوێیت.

**کەمیلە:**

بەڵام ئاخر خۆشم ناوێیت.

**سارا:**

قەیناکە هەر بیڵێ.

**کەمیلە:**

خۆشم دەوێیت.

**سارا:**

سوپاس.

**کەمیلە:**

شایانی نییە.

**تامی:**

کەمێک زیاتر غیرەت دەداتە بەر خۆی و ڕاستەوخۆ تەماشای ناوچاوم دەکات، چی دی خەندە ناکات. ئینجا من ڕووم وەردەچەرخێنم، دەچمەوە بۆ لای ئەوانی تر و باسی شتی هەڕەمەکی دەکەین.

**بیگیتا:**

هەرچەندە بەهۆی "کیتۆگان ketogan "(١) یەوە توانای حوکمدانم زۆر لاوازبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە زۆر بەڕوونی شتەکانم بینیووە.

**تامی:**

بەڵام هەست بە چاوی دەکەم. کەمێک دواتریش، پاش ئەوەی من ڕووم وەردەچەرخێنم، ئەو هەر لەوێدا وەستاوە و بەردەوام هەر

١- دەرمانێکی زۆر بەهێزی ئارامبەخشە و بۆ کەمکردنەوەی ئازار بەکاردێت. وەرگێڕ



سەیرم دەکات. لەپڕێکیشدا ئەمە ڕوو دەدا؛ پێم وا نییە کەسمان جوڵابینەوە، بەڵام وا بزانم دەستی یان شتێکی تر دەجوڵێنێت و هەردووکمان دەزانین کە دەبێ بچینە ناو مەسعەدەکەوە، دەشزانین کە دەبێ یەکسەر بچین. دەشچین. مەسعەدەکە لە نیوان قاتی یەکەم و ژێرزەمینەکەداڕادەگریت. ئینجا سێکس دەکەین. زۆر خێرا، زۆر بەجۆش و خرۆشەوە دەیکەین. زۆر بەدڵ و گیان سێکس ناکەین، بەڵام زۆر پەشێو و گەرموگوڕ و خۆش دەیکەین. ئینجا جلەکانمان چاک دەکەینەوە، هیچمان نە هیچ شتێکمان گوت و نە هیچیش دەڵێین. دواتر دەچینەوە ژێرزەمینەکە و ئەو دەڕواتە دەرەوە. منیش دەچمە قاتی سەرەوە بۆ لای مێردەکەم، پێم دەڵێت؛ "دەدرەوشێیتەوە".. ئێ ئینجا کێ پاش سێکس نادرەوشێتەوە؟ وا بزانم وتم: "سەیرە، بزانە تۆزێک سوراو چ دەورێک دەبینێت".

**ئەنێتا:**

کەس جگەرەی پێیە؟

**کەمیلە:**

ئەی تۆ تەرکت نەکردبوو؟

**ئەنێتا:**

دەستم پێ کردووەتەوە.

**کەمیلە:**

قەڵەو بوویت؟

**ئەنێتا:**

لە پڕێکدا بۆنی خەڵکانی ترم کرد.

**تامی:**

ئاوهابوو بەسەرهاتی ئەو ئێوارەیە، دواتر بەرەو ماڵەوە گەڕاینەوە و دەبوایە لەویادا کۆتایی بهاتایە، بەڵام وا دەرنەچوو.

(ڕووناکی دێتەوە)

**تامی:**

هەستکردن بەنەگۆڕانی ژیان بەلای منەوە وەک ئینجیلێکی لێ هاتووە. یان بڵێم وەک ئینجیلێکی لێ هاتبوو. بەڵام خۆ شتێک ڕووی دا، لە ڕاستیدا ئەو ئێوارەیە شتێ کڕووی دا. شتێک سەری هەڵدا کە لێی تێ ناگەم، یان بەلایەنی کەمەوە نازانم چییە. هەر دەڵێی سەرم لێشێواوە و ناتوانم بگەڕێمەوە سەر ژیانی خۆم. لەپڕێکدا ئەو مغامەرە بچکۆلەیە لە ژیانی چەقیو و نەگۆڕ دەری هێنام و وا بەسەربەستی بۆ خۆم لە بۆشاییەکدا دەخولێمەوە. لەوەبەدواوە هەموو شتەکان خەیاڵی دێنە بەرچاوم، وەک شتگەلێکی مزەوەر و نائاسایی و خواروخێچ دەیانبینم. هەموو ڕۆژێک کە مێردەکەم دەگەڕێتەوە ماڵەوە، پێم دەڵێ: "ڕۆژباش خۆشەویستەکەم"، کەچی وا لە پڕێکدا ناتوانم قبوڵی بکەم. ئەو شتەش کە لە نێوان هەموو دوو هاوسەرێکدا هەیە و پێی دەڵێ "ئەرکی هاوسەرێتی"، بەلای منەوە دەبێتە شتێکی بێ مانا و ناتوانم بەشداری بکەم. هەرکە دەستم بۆ دەبات، یەکسەر پێ دەکەنم. ئەوەیان لە هەموو شتێکی تر خراپترە. بێ گومان نە ئەو دەزانێ بۆچی وام لێ هاتووە و نە منیش دەتوانم باسی ئەو شتەی بۆ بکەم کە ڕووی دا. وا بزانم



ئەو ژیانە مزەوەرەی نێوانمان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ناتوانم باسی ئەو ڕووداوەی بۆ بگێڕمەوە. ئیدی لێرەوە دەچمە ناو یارییەکەوە کە ئێمە ناومان ناوە "ژیانی هاوبەشمان".

**ئەنێتا:**

ئەگەر بەتەنیا بەدەوری دارسنەوبەری جەژنی لەدایکبوونی مەسیحدا سەما بکەیت، ئەوا دەبێت بەخێراییەکی هەر زۆر لەحنەتی ڕابکەیت.

**تامی:**

بێ گومان بەشێوەیەکی گشتی دەتوانم بەو شێوەیە بژیم، بەڵام لە ناوەوەمدا بەردەوام لە ڕۆڵەکەی خۆم دوور دەکەومەوە. هەموو شتێک بەبەتاڵی دەبینم، بەرە بەرە شتەکان بێ ماناتر دێنە بەرچاوم. هەستکردن بەو شتەی کە چاوەڕوان دەکرێت لە ژیانێکداڕوو بدا، تازە ڕووی داوە و هەر ئەوەندە ماوەتەوە چاوەڕوان بیت تا کۆتایی پێ بێ. شتێکی نەبینراو. وا بزانم لەبەرئەوەشە کە ئێستاکە چاوەڕوانم. چاوەڕوانی مغامەرەیەکی کتوپڕ و سەرسوڕهێنەرم. شتێک لەوانەی کە هەڵتبتەکێنێ، شتێک کە هەموو شتێکی تر هەڵبوەشێنێتەوە. بەڵام هەروایە، ئەو شتە ڕوو نادات کە چاوەڕوانی دەبێت.

(قسەکانی پێ دەبڕدرێت.. ژنێک لە نێوان ئامادەبوواندا هەڵدەسێت و دەڵێت:[٢]

خۆزگە منیش بەشداری ئا ئەمە بوومایە، بۆ نا؟ بۆ نا؟ دە گوێ

٢- ئەو قسانە بەزمانی ئینگلیزی دەکات؛ بێ گومان ئاماژەیەکە بۆ کەسانی بیانی کە لەم وڵاتەدا دەژین. وەرگێڕ

لەم چیـرۆکــە بگرە. ئێـوارەیەکـیـان سـەربـازەکـان هـاتن و چواردەوری ماڵەکەمانیان گرت. باوکمیان ڕاکێشایە دەرەوە و لێیان دا، پرسیاریان لێ کرد و دەیانویست بزانن ڕووخساری "سەربازەکانی دوژمن" چۆن چۆنی بوون. ئێ باوکم نەیتوانی پێیان بڵێت، ئەوانیش زۆرترێکیان لێدا. هەردوو دەست و قاچ و چەناگەیان شکاند. زمانیان بەجگەرە سوتاند. دواتر بۆیان دەرکەوت کە کوێرە، ئیتر بەریاندا. من هەمیشە سەرسامی باوکم بووم. ڕاستە کوێر بوو، بەڵام ئیشێکی بچکۆلەی دەکرد و هەموومانی لەسەر دەژیاین. تەنانەت مەسرەفی خوێندنی منیشی کێشا. بەڵام پاش ئەو لێدانە هەروەک منداڵێکی بێ دەسەڵاتی لێ هات. دواتریش مرد و منیش هەڵهاتم بۆ ئێرە. بەڵام دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ وڵاتەکەی خۆم. دەزانیت، نامەوێت منداڵەکانم لێرە پەروەردە بکەم. چونکە من کەسێکی نەبینراوم. کەسێکیش کە نەبینراو بێ، واتە بوونی نییە. سوپاس.

ژنەکە دەڕواتە دەرەوە)

**تامی:**

بێ گومان شتێک هەر ڕووی دا. هەرچەندە ڕێک ئەو شتە نەبوو کە من چاوەڕوانی بووم. ئەو مغامەرە گەورەیە نەبوو، بەڵام بەلایەنی کەمەوە سەرسامی کردم.. تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووم.

**ئەنێتا:**

هەمیشە کارەساتە بچکۆلەکان سەرهەڵدەدەن.



**تامی:**

ئەو کاتە مەمکیان هەروەک بالووکە دەبڕییەوە. ئێ ئیتر مەمکی منیشیان بڕییەوە. لێرەشەوە بەدڵنیاییەوە ژیانە نەگۆڕاوەکەم ئینزارێکی باشی وەرگرت. هەر ئەوەندەم بەسبوو بەرامبەر ئاوێنەکە بوەستم و تەماشایەکی خۆم بکەم، ئیتر بەلایەنی کەمەوە دەمبینی کە شتێک گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام نەک بەرەو باشتر، یاخۆ نەمدەویست باوەڕ بەچاوی خۆم بکەم. دەزانم خەڵکانێک هەن کە دەتوانن، دەتوانن بەخۆیان بڵێن: "ئێستاکە من ئاوهام و هەروەک جارانیش جوانم، هەر ئەوەندەیە کە شێوازی لەشم گۆڕاوە و شێوەیەکی تری وەرگرتووە". بەڵام من ناتوانم. قەت نەمتوانیووە باوەڕ بەهیچ شتێک بکەم. دڵنیاش نیم ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان باوەڕم بەعەشقی گەورە هەبووبێ. وا بزانم بڕوام بەشتی وا نەکردووە. بەڵام با بەشێوەیەکی تر بیڵێم؛ ئەو شتەی کە لە بنەڕەتدا کۆی کردبووینەوە، ئیتر هەر شتێک بووبێ، وەک لەوەو پێشیش ئاماژەم پێ کرد، کەمێک ناخۆشتر بوو. لە کەمێک ناخۆشەوە بەرەو ناخۆشتر چوو. ئەمە ئەگەر بمەوێت بەشێوەیەکی جوان بیڵێم. واتە دێمەوە ماڵەوە و بەشێوەیەک لە شێوەکان دەبێ تەمسیل بکەم... مێردەکەم هات بۆ لام و سەردانی کردم.

**بیگیتا:**

حەزت لە ترێ نییە؟

**تامی:**

هێشتا هەر لەفافەکان بەسەر سنگمەوە بوو. پێم وا بێ ئەگەر

کەسێک لەوەوپێش شتی وای نەبینیبێت، ئەوا ناتوانێت مەزەندەی ئەو دیمەنە بکات. پێم وا نییە بتوانێت. پاڵکەوتبووم و بیرم لێ دەکردەوە، لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئەگەر لە لایەنە ڕووناکەکەیەوە بڕوانین، کە هەر دەبێ بەو شێوەیەش بیر بکەینەوە، ئەوا بەلایەنی کەمەوە چی تر ناتوانین پێکەوە بخەوین. من خۆم ناتوانم تەماشای خۆم بکەم، ئیتر ئەو چۆن بتوانێت؟ بۆ خاتری چ شەیتانێک بتوانێت سەیرم بکات؟ مێردەکەم هەمیشە شەممان زەوقی هەڵدەسێت. نازانم بۆ، بەڵام ئەو ئاوهایە. هەمیشە شەممان، قەت ڕۆژانی هەینی یان یەکشەممان زەوقی هەڵناسێت. هەمیشە شەممان زەوقی هەڵدەسێت.

**سارا:**

من کە بێ تاقەت دەبم، بەدەنکە شقارتەیەک لە ماسییە ئاڵتونییە بچکۆلەکە دەدەم.

**تامی:**

وە هەمیشە هەمان هێماشم بۆ دەنێرێت؛ هەر بەڕۆبەکەیەوە دادەنیشێت و نانی بەیانی دەخوات، ئەگەر دوای ئەوە یەکسەر جلە ئاساییەکانی لەبەر نەکات، ئەوا تێ دەگەم کە دەیەوێت لەگەڵمدا بخەوێت. ئەو بەیانییە، وا بزانم دوو حەفتەیەک بوو لە خەستەخانە هاتبوومە دەرەوە، وەک جاران بەبێدەنگی بۆ خۆمان دانیشتبووین و نانی بەیانیمان دەخوارد، بەیانیان هیچمان تاقەتی قسەمان نییە. من دانیشتبووم بیرم لەو پێش نیوەڕۆیە دەکردەوە، دەمویست بڕۆمە دەرەوە و بازاڕێک بکەم،



ئا، شتێک لەو بابەتە، هەر بۆ کات کوشتن..

**کەمیلە:**

ئینجا هەینم کرێ... ئای، نازانم چیم کرێ، بیرم ناکەوێتەوە!

**ئەنێتا:**

تەماشای من مەکە. من قەت ئەو شتانەم بیر ناکەوێتەوە کە دەیانکڕم.

**تامی:**

ڕۆبەکەی هەر لەبەردایە و جلی ئاسایی لەبەر ناکات... من لە بەردەم ئاوێنەی حەمامەکەدا وەستاوم و سەیری خۆم دەکەم. تەماشای مەمکەکانم دەکەم. یان ئەو شتەی کە لێیان ماوەتەوە، سەیری ئەو شتانە دەکەم کە کاتی خۆی مەمکم بوون و ئینجا بیر لە ئێستام دەکەمەوە. لەپڕێکدا لە دەرگەی حەمامەکە دەدات، منیش پێی دەڵێم بڕۆ بۆ یەکێک لە حەمامەکانی تر، بەڵام دەڵێ "نا، دەرگەکە بکەرەوە"، ئینجا ماکسی شەوانەکەم لەبەر دەکەمەوە، دەرگەکە دەکەمەوە و دێتە ژورەوە.

**بیگیتا:**

من سەرتاپای ژیانم لە کردنەوەی ئەو دەرگەیانەدا بەسەر برد کە خۆیان کرابوونەوە.

**تامی:**

بەسەرسامییەوە وەستاوە و تەماشام دەکات، ئینجا ماکسییەکەم دادەکەنێت، لە ڕاستیدا حەزم لێنییە دای بکەنم، بەڵام ناشتوانم هیچ بکەم، لەبەرئەوە لێ دەگەڕێم دای بکەنێت،

دوای ئەوە هەردووکمان بەسەرسامی بەرامبەر یەکتر وەستاوین.

**سارا:**

بەبێ شەمامەکان.

**تامی:**

بەهیواشی و بەنەرمی دەست دەهێنێت بەمەمکەکانمدا، یان بلێم بەپاشماوەکانیاندا. هەروەک جاران ماچیان دەکات، ئینجا سێکس دەکەین. کەسمان ورتە لە دەممانەوە نایەتە دەرەوە. دواتر جلە ئاساییەکانی لەبەر دەکات و دەڕواتە دەرەوە. لەو کاتەوە چی تر لەگەڵ یەکتریدا سێکسمان نەکردووە. لە ڕاستیشدا ئەمەیان حەوانەوەیەکە بۆ من.

**کەمیلە:**

بیرم کەوتەوە! گوڵاڵە سورەیەکی دەستکردم کڕیّ و گڵۆپیشی تێدایە! کێ دەتوانێ بێ شتێکی ئاوها بژی.

**تامی:**

بەڵام ئەوەش هیچ گرینگییەکی نییە، چونکە قەت هیچ گرینگییەکی نەبووە. تەنیا ئەو بەیانییە بوو کە ویستی پێم بڵێ سەرباری ئەوەش شتێک لە نێوانماندا هەر ماوەتەوە. نایشارمەوە ئەوەیان تەنیا شتێکی شیاو و ڕاست بوو کە لە ژیانیدا کردبێتی لەگەڵمدا. لە ڕاستیدا هەموو شتەکانی ترمان لە ڕادەبەدەر خراپ بوون.

**ئەنێتا:**

خوایە گیان، تۆ کە لە ئاسماندایت، داواکارم مێردەکەم



بەریتەوە بۆ خۆت. لە ڕاستیدا چی تر بەرگەی ناگرم. تەنانەت گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی کە بەرگەی شتە بچکۆلەکانیشی ناگرم. هەر بۆ نموونە شێوەی خواردنی هێلکەی بەیانیانی؛ لە پێشدا بە کەوچکێک پێنج شەش جار دەیکێشێت بەهێلکەکەدا، ئینجا کونێکی تێ دەکات و ڕێک لەو کاتەدا دەڵێت "هۆپلا". حەزدەکەم بیکوژم. بەڕاستی حەزدەکەم بیکوژم. جا توخوا باشترێک نییە ئەگەر تۆ خۆت بیبەیتەوە؟

**تامی:**

ئای لەو هەموو جارانەی کە دڵتەنگ و بێ تاقەت بووین. بەڵامڕێک ئەو بەیانییە ئەوەی نیشاندام کە هیچ شتێک گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە. بۆچی بشگۆڕێت؟ هەموو ئەوانە شتێکە کە خەڵکی باوەڕیان پێیەتی. لە ڕاستیدا هیچ شتێکی وا ڕوو نادات.

(ڕووناکی دەبڕێت)

**کەمیلە:**

وا دیسانەوە کارەبا بڕایەوە.

**سارا:**

بەڕاست؟

**کەمیلە:**

ئەمجارەیان پێم وانییە بێتەوە.

***

## ٥- هیچ!

**بیگیتا:**

«بەپەلە، بە پەشۆکاوی» هیچ! هیچی تیدا نییە. هیچ! ئەگەر لە کەللەی سەری خۆت بدەیت، تەق، تەق، تەق، هەر دەڵێی گوێت لە دەنگی هۆڵێکی بەتاڵی گەورەی کۆنکرێتییە. دەزرنگێتەوە و تەواو. یان وەرە بیکێشە بەسەریاندا، پێستەکەیان برینار بکە و کەوڵیان بکە، هیچی تێدا نییە.. هیچ! سەرلەبەیانییەکە و بەرێگەیەکدا دەڕۆیت، لە دەرەوە چەندین درەختی سەوزی جوان جوانی لێیە، خۆرێکی خۆشیشە، بەدڵنیاییەوە یەکێکە لەو ڕۆژانەی کە حەزدەکەیت لە پارکێکدا پیاسەیەک بکەیت، یان بچیتە سەر قەراغ ئاو، دەبینیت خەڵکانی تر هەموویان بەڕێوەن بۆ ئەو شوێنانە، بەڵام تۆ خۆت بەپێچەوانەی ئەوانەوە دەڕۆیت. دواجاریش خۆت دەکەیت بە بینایەکدا، تووشی کەسانێکی باش و بەڕێز و میەرەبان دەبیت، بێ گومان دەبێت هەرواش بن. وەک دەزانیت ئەوە ئەقڵە و دەیەوێت هەموو شتێک لەناوببات و ئەو منداڵەی ببێت، هەموو شتێکیش دژیەتی و تۆش گەنجیت و هەموو ژیان لە بەردەمتدایە، دەبێ ئێستاکە بژیت، نەک ئەو کاتەی کە درەنگ دەبێت. زۆر بەباشی پێشوازیت لێ دەکەن و هەموو شتێکت بۆ ڕوون دەکەنەوە، بەڵام تۆ بەباشی گوێیان بۆ شل ناکەیت، چونکە زۆر دەترسیت. ئێ هەتاوەکو ڕووش نەدات، هیچ نازانیت. ئینجا ڕوو دەدات و هیچیشە، هیچ! تا ئەندازەیەک هەتاوەکو تەواو نەبێت لەوە تێ ناگەیت کە تەواو بووە، ئینجا دیسانەوە بەناو ئەو درەختە جوان و سەوزانەدا



دەڕۆیتەوە، تێ ناگەیت بۆچی هێندە دەترسایت، ئێ خۆ هیچی نەبوو، هیچ! هیچ! هیچ! ئازاریشی نەهات، هەر هەستیشی پێ ناکەیت، ئیدی سەرشانت سوک دەبێت و هەروەک ئەوەیە کەڕۆژێک بۆ خۆت پشوو بدەیت و نەچیتەوە بۆ قوتابخانە، ئێ بۆ خۆت لەگەڵ خەڵکانی تردا دەچیتە سەر قەراغ ئاو و هەتا بڵێی ڕۆژێکی خۆشیشە. دەگەیتەوە ماڵەوە و ئێوارە دادێت، دنیا تاریک دەبێ، بەڵام بەهۆی شتێک لە شتەکانەوە تاقەتت نییە بچیتە دەرەوە، هەرچەندە پەیمانت بەچەند کەسێکیش داوە کە لەدەرەوە بیانبینیت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەلەفون دەکەیت و هەمووی هەڵدەوەشێنیتەوە، ئەوانی تر لێت تێ ناگەن و نازانن بۆ ناتەوێت بچیتە دەرەوە، چونکە ڕۆژێکی یەکجار خۆشە، تۆ خۆشت لەوە تێ ناگەیت، بەلایەنی کەمەوە لەو کاتەدا لەوە تێ ناگەیت، ئێ ئیتر بۆ خۆت دادەنیشیت و هیچ گلۆپێک داناگیرسێنیت، بگرە هەروا پێت خۆشە دنیا تاریک ببێت. ئینجا لەو تاریکییەدا بەهێواشی دەردەکەوێت، ئەو منداڵە دەردەکەوێت کە تۆ کوشتووتە. خۆزگە وێنای دەموچاوێکت لە بەرچاودا بوایە و بتخستایەتە سەری، بەڵام خۆ دەموچاوی نییە، تەنانەت ناشزانیت دواتر دەبووە کوڕ یان کچ، هەرئاوها بەو سەرەوە هەڵدەواسرێن و دەمێننەوە، هەروەک هیچ، هیچ! وەک ئەوەی هیچ نەبێ و وەک دەزانیت پێ دەچێت هەموو شتێکیش بێ، دواتر لە خۆتی دوردەخەیتەوە، یان دەتەوێت لە خۆتی دوربخەیتەوە، بەڵام خۆ کەس ناتوانێت "هیچ" لە خۆی دوربخاتەوە. ناتوانیت! ناتوانیت خۆت ڕزگار بکەیت. ئەو شتە

"هیچ"ەش بەردەوام لەوێدایە، گەشە دەسەنێت و گەورە دەبێت، لە پڕێکدا قسە دەکات و هەموو شتێک دەڵێت. دواتر بەناو خۆتدا دەگەڕێت و بانگی دەکەیت، بەدوایدا دەگەڕێی، چونکە زۆر شتت پێیە و دەتەوێت پێی بڵێی، بەڵام هیچ نادۆزیتەوە و کە دەشیدۆزیتەوە بێدەنگە و نایەوێت هیچ شتێک بڵێت، تەنیا ئەو کاتەی کە پشتی تێ دەکەیت، دەکەوێتەوە قسە و دەتخوات. ئیدی لێرەوە هەموو شتێک لەتوپەت دەبێت. لە سەرەتادا بەهێواشی، بەرە بەرە، بەڵام بێ ڕەحمانە لەیەک جودا دەبنەوە، لەتوپەت دەبن، دەتوێنەوە... ئاخر بۆچی کەسێک مافی ژیانی زیاتری هەبێ و کەسێکی تر نەیبێ؟ چ شتێک هەیە لە ژیانی تۆدا کە گرینگتر بێ لە ژیانی کەسێکی تر؟ ئەی کەس هەیە هیچ شتێک دەربارەی هیچ بزانێت؟ خۆت کوێریت و بینایی بەخەڵکانی تر دەبەخشیت یان چی؟ چییە، تەنیا کەسێکی ئیفلیج دەتوانێت ئاشق بێت؟ تەنیا منداڵێک... توندترین و خراپترین دادوەری مرۆڤ، خودی مرۆڤ خۆیەتی. ئینجا دەڕۆیتە دەرەوە، چونکە چی تر بەرگەی ئەوە ناگریت لە ناوەوەتدا بخولێیتەوە، دەڕۆیتە سەر شەقامەکەی دەرەوە، دەچیتە ناو پارکەکانەوە، دەڕۆیتە لای قەراغ ئاوێک و لەوێدا فڕک و هەوڕیانە، منداڵەکان، زۆر بەساکاری بەهەمان زمان دەدوێن، ئێستاکە تۆش ئەو زمانە دەزانیت، تەماشای ئەو کچ و کوڕە بچکۆلانە دەکەیت و جگە لە پێوەری شتێکی هیچ، هیچ شتێکی تر نین. دواجاریش ئەوان دەڕۆنەوە ماڵەوە و تۆش هەر دانیشتوویت، ئای خوایە چەندە ڕقت لەو مانگ و ئەستێرانەیە،





ئاخر لەو سەرەوە هیچ شتێکی لێ نییە کە کەیفی خۆش بێ، تۆش لەسەر ئەو قەراغ ئاوەدا ماویتەتەوە. ئەو شەپۆلانەش کە کاتی خۆی زۆر هێمنی دەکردیتەوە، بوونەتە دەنگی هیچ.. شووووشوش، شووووشوش، شووووشوش.. «لاسایی دەنگی شەپۆلی ئاو دەکاتەوە» ساڵەکانی تەمەنت تێ دەپەڕێت و تۆش هەر ڕادەکەیت و هەر ڕادەکەیت، دەتەوێت لە دەست هیچ هەڵبێیت، دیسانەوە هەوڵ دەدەیتەوە و ڕەنگە نەوازشێک، میهرەبانییەک، شتێکت دەست بکەوێت، بەڵام لە پڕێکدا هیچ شتێک نامێنێتەوە، هیچ خۆشەویستێکت نییە، هیچ کەسێکت نییە کە ماچێکت بکات، هیچ خۆی تێئالانوویت و یەخەت بەرنادات، دواتر ئەوەش کۆتایی دێت، خۆت دەدەیت بەدەستەوە و وات بەخەیاڵدا دێت کە ئەوە شتێکی ڕاست و ڕەوایە، چونکە مافی ئەوەت نییە کە بژیت، شایانی ئەوە نیت. ئینجا منداڵێکی ترت دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا "هیچ" هەر ون نابێت، هیچ، هەروەک سێبەرێک بەدواتا ڕادەکات، ئینجا دێیت و پرسیار لە خەڵکانی تر دەکەیت، گوێیان بۆ شل دەکەیت، ئەوانیش خۆیانت بۆ دەکەنەوە و قسەت بۆ دەکەن، بەڵام لێوان لێون لە گوو و هیچ، ناتوانیت هیچ سوودێکیان لێ ببینیت، بەچەپ و ڕاستدا زۆریان لێ دەکەیت تا شتێکت پێ بڵێن کە سوودی لێ ببینیت، شتێک کە ڕزگارت بکات، ڕووناکییەکت پیشان بدەن، بەڵام هیچت دەست ناکەوێت. باوەشێکم پێدا بکە.. ئەرێ هیچ کەسێک نییە بیەوێت باوەشێکم پێدا بکات؟

(ئەم نۆ وتەیەی خوارەوە یەک بەدوای یەکدا دەگوترێن،

بەشێوەیەک وەک ئەوەی باسی هەمان بابەت بکەن)

**کەمیلە:**

ئێ من وام دەزانی گۆڕانکارییە هەرە گەورەکەی ژیانم لەو کاتەدا ڕوو دەدات کە خێزانەکەم پشتم لێ هەڵدەماڵن، بەڵام وانەبوو... گۆڕانکارییە هەرە گەورەکە ئەو کاتە ڕووی دا کە باوکم مرد.. بەردەوام لەوە دەترسام بەتەواوەتی ورد و خاش ببێت، چونکە زۆر سەرسامی بووم... ئینجا مرد و ئەوەش گەورەترین گۆڕانکاری ژیانی من بوو... لە پڕێکدا هیچ نەمایەوە، منیش، منیش لە ناوەڕاستی ئەو "هیچ"ەدا بووم...

**سارا:**

'یۆنەس"ی مێردم پاش چەند ساڵێک لە دوای لەدایکبوونی 'یۆنەس"ەوە، کوڕی دووەمم، بەجێم دەهێڵێت.. بەڵام بەلامەوە ئاساییە، چونکە زۆرم بەسەرداهاتووە.. بۆ خۆم لەگەڵ "یۆنەس"ی کوڕمدا لە ماڵەکەدا دەمێنمەوە...

**تامی:**

لە بنەڕەتدا دەبوایە ئەو بەیانییە کۆتایی بەهەموو شتێک بهاتایە کە مێردەکەم مەمکەکانی ماچ کردم، یان پاشماوەکەیان... لە ڕاستیدا ئەوە تەنیا شتێک بوو کە... بەڵام بوو بە... ژیان... تازە قەت تووشی شێرپەنجە نابمەوە...

**ئەنێتا:**

لە ڕاستیدا دوعاکانم نازڵ دەبن... مێردەکەم دەمرێت... هەروەک دەڵێن درەنگیش ڕوو بدات باشترێکە لەوەی کە قەت ڕوو نەدات... لەگەڵ ژنێکدا ئاشنایی پەیدا دەکەم...



**کەمیلە:**

قەت نەمتوانی هیچ پیاوێک بدۆزمەوە... لەبواری کار و پلەوپایەدا باشم... لە ئەپارتمانتێکی خۆشدا دەژیم، لە کۆتایی سەدەی پێشوودا لە لای کارگەی بیرەی "تویۆرگ"ەوە دروستیان کرد، هەر لە پەنجەرەکەمەوە سویدم لێوە دیارە... هەتا تەمەنی هەشتا و دوو ساڵی هەر پاسکیل لێ دەخوڕم... ئینجا سەیارەیەک لێم دەدا... هەموو شتێک زۆر بەخێرایی تێ دەپەڕێت و هەست بەهیچ ناکەم..

**سارا:**

بەلامەوە دواهەمین ساڵی ژیانم کەمێک ناڕوونە... وا بزانم دەگەمە نزیکەی تەمەنی نەوەد و یەک.. نازانم بانگی "یۆنەس"ی گەورە دەکەم، یان "یۆنەس"ی بچکۆلە... پێم وا بێ "یۆنەس"ی بچکۆلەیە، چونکە ئەو لە ماڵەکەدا دەژی... بانگی دەکەم..

**تامی:**

مێردەکەم لە پێش منەوە مرد، نامەوێت بڵێم چ ساڵێک مرد... بەڵام خۆم گەشتمە تەمەنی هەشتا و یەک... سەیرە، قاچەکانم پەکیان کەوت و مەسعەدێکم لە ماڵەکەماندا دانا... ڕەنگی ئومێد، سەوزێکی کاڵە...

**ئەنێتا:**

لە باوەشی ئەو ژنەدا گیان لە دەست دەدەم.. شەست و سێ ساڵ ژیام... قەت وام بەخەیاڵدا نەدەهات... ئێستا لەوە تێ ناگەم کە چۆن کاتی خۆی ئەوەم نەدەدی..

**سارا:**

سوارم بە، سوارم بە، سوارم بە هەی دەبەنگ.

**بیگیتا:**

بەڵام هیچ! کەس نایەوێت باوەشێکم پێدا بکات. بەڵام "هیچ" دەیەوێت باوەشم پێدا بکات. "هیچ" خۆشی دەوێم. ئیدی ڕۆژێکیان، شەوێکیان، لە پڕێکدا دەوەستیت، تەماشایەکی چواردەورەرکەت دەکەیت، یان گوێ هەڵدەخەیت... دنیا بەتەواوەتی خامۆشە و دەمێکە گوێت لە هیچ دەنگێک نەبووە، هەموو شتێک بێدەنگ تر و بێدەنگتر دەبن، دەنگەکان ون دەبن، دەنگی پێکان نامێنن، دەنگی خەڵکانی ترت بەرگوێ ناکەوێت، دنیا بەردەوام بێدەنگتر و بێدەنگتر دەبێ، بێدەنگی هەروەک ئاوێکە و دەڕژێتە ناو بەلەمێکەوە کە خەریکە نغرۆ دەبێ، بەلەمەکەش خۆتیت. خۆتت کوشتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەمردویت. نەخێر هیچ.

(تاریکی).